# هیوا

گوواریکی ئەدەبی و زانستی مانگانەیە
ژمارە (٣٢) ساڵی (٤) نیسانی ١٩٦١

لەم ژمارەیەدا :

| | |
|---|---|
| ★ میژوویەکی کورتی نەوروز ... | علاء الدین سجادی |
| ★ کورد زانی لە لینینگراددا | کەناتی کوردوییف |
| ★ ژیان و زانستی کوردەکانی ئەرمینیای سوفیەت | ئەمین ئەبدال |
| ★ مەولەوی و بەهار ( هەلبەست ) | |
| ★ کویە و شاعیرانی | کریم شارەزا |
| ★ وەلامیکی زمانەوانی | پاکیزە رفیق حلمی |
| ★ سەرنجیك لە وتارەکەی ماموستا هەژار | معروف بەرزنجی |
| ★ دوو تیپی بە وینە ، نەك بی وینە | معروف خەزنەدار |
| ★ نەوروزی ٦١ ( هەلبەست ) | گوران |
| ★ لە گوشەی ئەدەب | عبدالخالق علاء الدین |
| ★ روژمیر ، یان روژمیر | طاهر صادق |
| ★ یادی کوچی شاعیر شیخ سەلامی نەمر | کاکە مەم |
| ★ شەهیدانی قەلای دمدم | عبدالرزاق محمد |
| ★ لوموما ( هەلبەست ) | جلال میرزا کریم |

وە هەندی باسی‌ترو چەند هەوالیك ئەخویننەوە

دانەی بە (١٠٠) فلسە

# هیوا

گوواریکی ئەدەبی و زانستی ی مانگانەیە

ژمـارە ( ٣٢ ) ★ سالی ( ٤ ) ★ نیسانی ١٩٦١


## میژوویەکی کورتی نەوروز ،

## وە کوردو خزمەت کردنی بە ثەقـافەتی عەرەب

علاء الدين سجادی

نەوروز کە بە مانا « روژی تـازە » یە ، روژیکی کون و جەژنیکی کونە .

لە لایەن داهاتنی ئەم روژە بە جەژنەوە گەلی قسە و بـاس هەیە ، یەکیك لەوانە ئەلی : « جەمشید » پادشای چوارەمی پیشدادی سەرەتا ناوی « جەم » بووە ، لە زمـانی پەهلەوی ی کوندا جەم بە مانـا پادشای گەورە و بە دەسەلاتە . روژیك لە گەرانەکەیا لە ئازربایجان فەرمان ئەدا تەختیکی مرصعی بو دائەنین ، خویشی تاجیکی مرصع و رازاوە بە جەواهیراتی لە سەر کردووەو لە کاتی هەتاوکەوتنا لە سەر تەختەکە روو بە رووی روژەکە دائەنیشی ، تیشکی هەتاوەکە ، کە ئەدا لە تـاج و تەختەکە ئەو ناوە ئەوەندەی تر رووناك ئەبیتەوە ، خەلکەکە کە چاویـان بەمەکەوت وتیـان ئەم روژە روژیکی تازەیە . هەر لە زمانی پەهلەوی ی کوندا « شید » بە مانا تیشکە ، هینایان « شید » یان دایە پـال « جەم » بوو بە « جەمشید » و بە روژەکەشیان وت

ڕوژی نەوروز ، وانە ڕوژی نوی و کردیـان بە سەری سال .

ریوایەتیکی‌تر ئەلی :

« بیوراسب ـ ئەزدەهاک » هەموو ڕوژی بو خواردنی مارەکانی سەرشانی دووکەسی سەر ئەبری ، بەم هـــویەوە زورو ستەم لە وزە دەرچووبوو ، دلی هەموکەس بریندار بوو وو . « کاوە » ی ئاسنگەر لە ولاتی « هەکباتان » نو کوری هەبوو ، هەشتیان بو مارەکانی‌سەرشانی بیوراسب سەر بڕرابوون ، سەرە هاتبوە سەر نویەمین‌کە « قارن » ی ناو بوو ، لیرەدا کاوە ئیـــتر ئەمەی پی‌هەل‌نەگیرا ، پارچە هەمانەکەی‌کرد بەسەر داریکەوە و دەنگی شورشی لەسەر بیوراسب بەرزکردەوە ، گەل لی‌ی کوبوونەوە ، چوون بیوراسبیان گرت و لەکیوی دەماوەند خستیانە زیندانەوە . خەلکی‌ئیتر ئەو ڕوژەکە ڕوژی سەرکەوتنیان بوو بە سەر جەوروستەما ناویـان نا بە نەوروز ، واتە ڕوژی تـازە .

ئەمانە هەر چەندە ریوایەت بن کاریکی زوریان کردە سەر بـیرو بـاوەری میژوو نووسەکانی عەرەبیش ، تەنانەت گەلیکیان ئەلین ڕوژی دروست‌کردنی عالەم و دروست‌کردنی ئادەم هەر دووکیان لەم ڕوژەدا بوون . وەکو چون ( مقریزی ) و ( طبري ) و (مسعودی) ئەلـــین : ئەم ڕوژی نەوروزە لە دەوری ئەخمینی‌یەکانیشا سەری سالی تازە بووە و هەموو جورە زەماوەندو ئاهەنگیکیان تیـایا گیراوە . ئەم ڕەوشتە مایەوە تـا کەوتە دەوری ئیسلامی ، تەنانەت « معتضد » خەلیفەی عەباسی ویستی لای‌بەری وە یا سووکتری کاتەوە ، پی‌ی نەکرا .

« حمزەی ئەصفەهانی » ئەلی : خەراج و سوروسات لە سەری سالی هیجریدا کوئەکرایەوە ، هینرا گوررا بە ڕوژی نەوروزکە ئەو وەختە تصادفی ١٨ ی حوزەیران‌و یەکەم ڕوژی ذی القعدەی‌کردووە ، لە زەمـانی « متوكل » دا کە تـا ئەو دەورە خەراج هەر لە سەرەتای نەوروزەوە کوئەکرایەوە ئەو هینای دوو مانگی پیش‌خست . لە زەمـانی مەلیک‌شای سەلجووقیدا تەقویمیان گوری و نەوروزیان بە سەری سالی

تازه دانا که ئه‌و وه‌خته ته‌صادوفی (١٠)ی ره‌مه‌زانی (٤٧١)ی هیجری و (١٥) ی مارتی (١٠٧٩) ی میلادی‌ی ئه‌کرد.

ئه‌م قسانه سه‌رچاوه‌یه‌کی ته‌ئریخی بوون به‌رانبه‌ر به نه‌وروز. ئه‌مینیته‌وه سه‌ر ئه‌وه که ئاشنایه‌تی‌ی نه‌وروز له‌گه‌ل کوردا چی بیت ؟.

کورد قه‌ومیك بوون و قه‌ومیکن هه‌ر له به‌ره‌به‌یانی میژوویانه‌وه ئاوو خاکیکیان هه‌بووه‌و تیایا دانیشتوون که ئه‌و شوینه‌ش ئه‌م شوینه‌ی ئیستایانه. ژیانیان له‌گه‌ل مه‌رو مالات و جووت و گادا بووه، ولاته‌که‌یان ولاتیکی کویستان و سارده، له‌گه‌لی شوینا نزیکه‌ی شه‌ش مانگ به‌فرو سه‌هول به‌ندانه، نه مالات ده‌رئه‌چی، نه جووت و کیشه ئه‌کری. که روژی نه‌وروز هات موژده‌ی ژیاندنه‌وه‌ی گول و گیا بو مالاته‌که‌یان‌و ری‌کردنه‌وه‌ی جووت و وه‌رد برین بونان پەیداکردنی خویان دینی.

دیسان ته‌بیعه‌ت پەرده‌یه‌کی‌تری ره‌نگاوره‌نگ به‌سه‌ر عاله‌می کوردستانا دینی، له‌به‌ر ئه‌مه هه‌موو جوره زه‌ماوه‌ند و ئاهه‌نگیکیان له‌و روژه‌دا گیراوه، له ده‌وره‌ی « سه‌مه‌نی » سه‌مایان کردووه. هیچ قه‌ومیك له عه‌نعه‌ناتی قه‌ومی‌دا بی‌به‌ش نه‌بووه، کوردیش ئه‌م روژه‌یان به هوی ده‌رکه‌وتنی سه‌رچاوه‌ی ژیانیانه‌وه تیایا کردوویانه به جه‌ژنیکی قه‌ومی. روژی « شم النسیم » ی میسرو « دورة السنة » ی عیراق هه‌ر ئه‌و بونه‌یان لی دی بویه کردوویانه به روژی ئاهه‌نگ و چوونه‌ته ده‌ره‌وه بو سه‌یران.

جه‌ژنی ره‌سمی‌ی روژی نه‌وروزیش له ئیرانا ئه‌گه‌ر زور جوان لی‌ی بکولینه‌وه له ته‌نها هه‌وای مه‌لبه‌ند نه‌بی هیچی‌تر نی‌یه، له‌گه‌ل ئه‌وه‌شا کوردو فارس له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ر دووکیان له یه‌ك ره‌گه‌زن و له‌و زنجیره لیشاوه‌ن که له پیش ٣٥٠٠ سال پیش میلاد دا سه‌ره‌وخوار بوونه‌ته‌وه و له‌وان « ماد » دروست بوو له‌مان هه‌خامه‌نشی، هه‌ر عه‌نعه‌نات و ره‌وشتیك بو هه‌ر لایه‌کیان ببیت ئه‌ویتریان تیایا به‌شداره.

که‌وابوو روژی جه‌ژنی نه‌وروز به‌رانبه‌ر به‌کورد [illegible]یکی تازه داهاتووه

وە نە روشتەیەکی بیگانەیەو وەرگیراوە ، بەلکو ئەنجامیکی ئاوو خاك و هەواو عادەتیکی رووتی قەومی‌یە و هیچی‌تر . وەکو ئەمە هەیە ئەوەش هەیە کە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە باری ئایینەوە نی‌یەو لە گەل رووپەرەی ئایینی دا هیچ ئاشنایەتی‌یەکیان نی‌یە . ئەوانەی جەژنی نەوروز تیکلاو بە مەسەلەی ئایین ئەکەن ناشایستەیی‌یەك لە گەل تەءریخ و لە گەل ئایین و لە گەل قەومیەتی قەومیکی ئاشکرا ئەکەن .

بە تایبەتی قەومیکی وەکو قەومی کورد لام وایە هەموو ئەم گەواهی‌یەی بو ئەدەن کە لە بەرەبەیانی میژووی ئایینی ئیسلامەوە تا ئەم روژە بە هەموو مەعنایەك لە باری خزمەت‌کردن بە ثەقافەتی ئیسلامی‌و عەرەبی هەموو دەمیك لە پیشەوە بووە و هیچ وەختیك لە کاروان دوانەکەوتووە . وەکو چون لە مەیدانی سیاسەتا بو پیشکەوتنی عالەمی ئیسلامی هەمیشە لە کوشش و تی‌کوشینا بووە .

بەلی پیاوانی عیلمی و ئەدەبی‌ی کورد ئەو خزمەتەی کە پی‌ی ئەلین خزمەتی عیلمی‌و ئەدەبی‌و دینی لە رووپەرەی روزگارا کردوویانەو کردیان بە عیلم‌و ئەدەبی عەرەبی، هیچ فەرقیکیان لەم رووەوە نەکردووە لە بەینی ئەو زمانەداو زمانی‌خویانا ، زمانی ئەوانیان بە زمانی خویان زانیوە ، ئایینی ئەوانیان بە ئایینی خویان زانیوە ، ثەقافەتی ئەوانیان بە ثەقافەتی خویان زانیوە ، پیشکەوتنی ئەوانیان بە پیشکەوتنی خویان زانیوە . بە یەك دل و بە یەك زمان قولیان کردووە بە قولی یەکا بو بەرز کردنەوە و پتەوکردنەوەی ئەو ثەقافەتە کە پی‌ی وتراوە ثەقافەتی عەرەبی ، بو ئەو دینە کە پی‌ی وتراوە دینی ئیسلام . لە ریزی پیاوانی تەءریخی‌دا کە خزمەتیان بە سیاسەتی ئیسلامی‌و پیشکەوتنی ئیسلام کردبی بە وینە پیاوانی وەکوو صلاح الدینی أیوبی ، کریم خانی زەند ، عبدالرحمن کوری مسلم کە بە ابو مسلمی خوراسانی بە ناو بانگە ، مەرزەبان سالار ، هەزار ئەسپ ، ناصر الدولە احمدو حسینی کوری حسینی بەرزکان .

( بروانە لاپەرە ٦٧ )

# کوردزانی لە لینینگراددا

« ئەم وتارە لە لایەن ماموستا ( کوردوییف ) ەوە نووسراوەتەوە ، وە لە روژنامەی ( ریاتازە ) ژمارە ( ٧٤/١٠٩٤ ) بلاوکراوەتەوە ، ئەم روژنامەیە هەفتەی جاریك بەزمانی کوردی شیوەی کرمانجی ، وە بە تیپی رووسی لە یەریفان پایتەختی کوماری ئەرمەنستانی سوفیەتی سوشیالیستی بلاو ئەکریتەوە . . بەشی



کوردی لە ئاموژگای نەتەوەکانی ئاسیای سەر بە ئەکادیمیەی زانستی ی سوفیەت ، وای بە باش زانی ـ وە لە سەرداوا کردنی ماموستا کوردوییف خوی ـ ئەم وتارە وەربگیریتە سەر زمانی عەرەبی بە تایبەتی بو روژنامەی « خەبات » ، وە بەتیپی عەرەبی و شیوەی کوردی ی سورانی بینووسیتەوە ، تایبەتی بوگوفاری « هیوا » .

بەشی کوردی ـ ئاموژگای نەتەوەکانی ئاسیا
ئەکادیمیەی زانستی ی سوفیەت ـ لینینگراد

پیش شورشی ئوکتوبەر کورد زانیی ولاتی رووسیەلە پلەی یەکەمدا وەستابوو لە هەموو گیتیدا ، شاری پیتر بورگ ( لینینگرادی ئیستا ) مەلبەندی رۆژهەلات ناسیی رووسی بوو ، مەسەلەی پیشکەوتنی کورد زانی گەلیك لە پیش چاو بوو ، ئەگەر تەماشای میژووی کورد زانی بکەین بومان ئاشکرا ئەبی کە پیتر بورگ جیگای فیر بوونی زمان و میژوو و ئەدەبی نەتەوەی کورد بووە لە ئەورووپا دا .

لە سەدەی هەژدەمەوە زانایانی رووس دەستیان کرد بە لیکولینەوە لە خویندەواریی کورد ، وە گەلی نامەو نووسراویان لەم بابەتەوە بلاوکردەوە . لە ناوەندی سەدەی نوزدەهەم دا شاری پیتر بورگ بوو بە جیگای کوبوونەوەی کورد زانەکانی رووس ، هەر لەو کاتەدا گەلی نامەو نووسیار لە بابەت شارستانیەتیی کورد بلاوکرایەوە . لەم خەباتە خویندەوارییانەی کە بلاوکرایەوە : « پ . لیرخ » ( لیکولینەوە لە بابەت کوردی ئیران و پیوەندیان بە خالدییەکانی سەروو ) سالی ١٨٥٦ـ١٨٥٧ـ١٨٥٨ . « آ . ژابا » چەند پارچە نووسراویکی کوردی لەگەل تەرجەمەی بو زمانی فەرەنسی سالی ١٨٦٠ ، دیسان « آ . ژابا » ( فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسی ) سالی ١٨٧٩ . « ف . یووستی » ( دەستووری زمانی کوردی بە زمانی ئەلەمانی ) سالی ١٨٨٠ . « ف . زیرنوف » خەباتی شرف‌الدینی بدلیسی ( شەرفنامەـ میژووی کورد ) کە بە فارسی نووسراوەتەوە گوری بو زمانی فەرەنسی . « آ . سوسین » بلاوکردنەوەی فولکلوری کوردی لەگەل تەرجەمەی ئەلەمانی ١٨٨٧ـ١٨٩٠ . « ن . مار » ( خەبەری چەلەبی ) سالی ١٩١٠ ، وەگەلی خەباتیتری خویندەواری لە لایەن زاناکانی رووس لە پیتر بورگ هینراونەتەکایەو لە چاپ دراون .

لەمەوە بومان دەرئەکەوی کە زاناکانی رووس هەنگاوی زلیان ناوە بو پیش خستنی کورد زانی لە ولاتی رووسیە و هەموو سوفیەت دا .

پاش شورشی ئوکتوبەر ، پیش کەوتنی کورد زانی بە ئامادەکردنی کادرەوە بەسترابوو بو بەریوە بردنی بەشی کوردی ، بو فیر بوونی زمانی کوردی ، وە

لیكولینەوە لە خویندەواریی نەتەوەی كورد . لە سالی ١٩٢٨ كومیتەی ناوەندیی پارتی كومونیستی ئەرمەنستانی سوفیەت ، بە دەستی كوردی بولشەویكی كون (ئەرەب شامیلوف) چەند كوردیك نیرران بو لینینگراد ، بو خویندن و لیكولینەوە ، وە بە دەستی كورد زانی مەزن « ن . مار » ، « ی . أ . ئوربیلی » و « ئا . فریمان » ی ئیران زان ، لەم بەشی كوردییە كادریكی زانستی بو وتنەوەی دەرزی زمانی كوردی و بەریوە بردنی بەشەكە هاتەكایەوە . ئیستا كە ئەم كادرە لە ئەرمەنستان و شارەكانی تری سوفیەت كار ئەكەن . پاش هینانە دی و ئامادەكردنی كادری كورد زانی لە كوردەكان و رووسەكان لە ئاموزگای روژهەلات ناسیی (١) لینینگراد بەشی كوردی دامەزرینرا .

ئیستا كە بەشی كوردی بە سەروكایەتیی ئەكادیمیك ئوربیلی (٢) هەموو شتیك لە بابەت لیكولینەوەی میژوو و شارستانیەتیی كورد ، خستوویەتییە ژیر دەستی خوی ، لەم سالانەی دواییەدا بەشی كوردی بەرنامەییكی وردی دانا بو لیكولینەوە لە میژووی كورد ، وە ئەم پرسیارانەی خستە پیش چاو : میژووی كونی كورد ، میژووی سەدەكانی ناوەراست و تازەی كورد ، لیكولینەوە لە خەبات و شورشەكانی كورد بو سەربەستی و ئازادی . لە زمانەوانی و ئەدەب ئەم پرسیارانەی خستە پیش چاو : لیكولینەوە لە ئەدەبی كلاسیكیی كورد ، گورینی شیعر و نووسینی كوردی بو زمانەكانیتر ، بە تایبەتی بو رووسی و ئەرمەنی ، دەستووری زمانی كوردی ، فەرهەنگی شیوەكانی زمانی كوردی ( كرمانجی و سورانی ) . جگە لەمەش گرنگترین كاری بەشی ئامادەكردنیكادری زانستییە . زاناو قوتابییانی

---

(١) ناوی ئەم ئاموزگایە ( ئاموزگای روژهەلات ناسی ) بوو ، لە دوا روژانی سالی رابردوو ناوی گوررا ، كرابە « ئاموزگای نەتەوەكانی ئاسیا » .

(٢) ئەكادیمیك ئوربیلی : بە داخەوە ئەلیین كە لە ٢ ی شوباتی سالی ١٩٦١ كوچی دوایی كرد .

بەشی کوردی هەموویان خەریکی ئەو باسانەن کە لە سەرەوە لێیان دواین، لەمە زۆریان هێناوەتە دی.

سەرۆکی بەشی کوردی ئەکادیمیک ( ئۆربیلی )، چەند پارچە نووسراویکی کوردیو فەرهەنگی کوردی ـ رووسیی بە شیوەی کوردەکانی ناوچەی (موسکی) لە تورکیا، بو چاپ ئامادە کردووە. نووسەری ئەم وتارە لە سالی ١٩٥٧ دا دەستووری زمانی کوردیی بە زمانی رووسی چاپ کردووە. هەروەها فەرهەنگیکی گەورەی کوردی ـ روسیی بو چاپ ئامادە کردووە (١). ئیستاش خەریکی گورینی چەند پارچە نووسراویکی کوردییە بو زمانی رووسی، ئەمەیان نزیکەی ( ٣٠ ) مەلزەمە ئەبی.

لە کار کارانی بەشی کوردی ( ئی . ئی . تسووکرمان ) چەند بەشیکی لە دەستووری زمانی کوردی چاپ کردووە. ( م . رودینکو ) ناوی دەسنووسە کوردییەکانی ئامادە کردووە بو چاپ، ئەوانەی لە نامەخانەکانی لینینگرادن، وە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی ( مەم و زین ) ـ سەدەی هەڤدەمین ـ بە تەرجەمەی رووسی ئامادەکردووە بو چاپ.

بەشی کوردی بە تیکرایی نزیکەی ( ٣٠ ) مەلزەمە مادەی لیکولینەوەی ئامادە کردووە بو چاپ، لە میژوو و فیلولوژیی کورد، ئەم خەباتە زانستییە لە لینینگراد و موسکو و یەریفان چاپ ئەکرین.

بەشی کوردی لەم پروژەی حەوت سالەی دواییەش دا شیوەی سورانیی خستووەتە بەرنامەی کاریەوە، شیوەی سورانی بو کورد زانی شتیکی گەلیک گرنگە، چونکە ئەدەبی کوردیی بەرز، باسی میژوویی، سیاسی لە عیراق دا بەم شیوەیە بلاو ئەکریتەوە. بەشی کوردی بریاری داوە کە چەند نامەییک لە بابەت فونتیک و

---

(١) ئەم فەرهەنگە لە چاپ کوتایی هات و بلاوکرایەوە.

دەستووری زمانی کوردی ( شیوەی سورانی ) ئامادە بکا ، هەروەها بریاریشی داوە کە فەرهەنگیکی ( کوردی ـ رووسی ) ، وە چەند پارچەییك لە نووسراوی سورانی تەرجەمەی رووسی بکا . کارکارانی بەشی کوردی ( کوردوییف ) ، ( ئی . ئی . تسووکرمان ) ، ( معروف خزنەدار ) ، ( م . رودینکو ) ، وە قوتابی بەکانی بەشی دکتوراه : ( زاری یووسف ) (١) ، ( ئی . سمیر نوفا ) (٢) ، پیویستە ئەم پروژەیەی کە لە سەرەوە باسمان کرد بیهینەنە دی .

لە بەشی کوردی دا ، وتنەوەی دەرزی کوردی ( شیوەی سورانی ) هاتەدی ، ئیستا کە هەفتەی دوو جار ماموستا معروف خزنەدار کە لە عیراقەوە هاتووە ، دەرزی زمانی کوردی بە قوتابی یەکانی بەشی دوکتوراه ئەلیتەوە . بەشی کوردی گەلی کاری زانستی ی گرنگی تری بە دەستەوەیە ، ( ئی . ئی . تسووکرمان ) خەریکی نووسینەوەی ( مانای فورمەی فیعل لە زمانی کوردی دا ) یە . ( م . رودینکو ) خەریکی لیکولینەوەیە لە شیعری ( فەقی تەیران ) ، وە شەری سیسابانە ـ سەدەی سیزدەمین ـ بەتەرجەمەی رووسی . کارکاری بەش ( ژینیا دیمینتیفا ) (٣) ، بە سەرکاری ی ( ل . گوزەلیان ) خەریکی تەرجەمە کردنی شەرەفنامەیە بو زمانی رووسی ، هەروەها ( ژاکا مووسەیلیان ) (٤) خەریکی نووسینەوەی ناوی ئەو کتیبانەیە کە لە بابەت کوردەوە دانراون بە هەموو زمانانی بیگانە . قوتابی یانی بەشی دکتوراه خەریکی

---

(١) زاری یووسف : کچە کوردیکی هوشیارو زیرەکە خەلکی شاری تفلیسە پایتەختی گورجستانی سوفیەت .

(٢) ئی . سمیر نوفا : کچیکی رووسە ، زمانی کوردی ئەزانی ، شیوەی سورانی .

(٣) ژینیا دیمینتیفا : کچیکی رووسە ، زمانی کوردی ئەزانی ، شیوەی کرمانجی .

(٤) ژاکا مووسەیلیان : کچیکی ئەرمەنی یە ، بەلام دەمیکە لە لینینگراد ئەژی ، زمانی کوردی ئەزانی ، شیوەی کرمانجی .

نووسینەوەی نـامەی دکتورایانن ، لە ئەدەب و زمان و میژوو . ( م . خەمو ) (١) خەریکی ( لیکولینەوە لە شیوەی کوردی بادینان ) ە ( جەلیلی جەلیل ) (٢) خەریکی ( میژووی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بـو سەربەستی لە سەدەی بیستەم دا ) یە . ( زاری یوسف ) خەریـکی ( گورانی فیعـــل لە شیوەی سورانی دا ) یە . ( م. رەشید ) (٣) خەریکی (میژووی ئەدەبی کوردی لە ئەرمەنستانی سوفیەت دا )یە . ( ئوردوخانی جەلیل ) (٤) خەریکی ( لیکولینەوە لە بابەت مەلحەمەی قەلای دم دم )ە . جگە لەمەش بەشی کوردیی لینینگراد کادر بـو هەموو کومارەکانی تری یەکیتیی سوفیەت ئەهینیتە دی ، لە قوتابییانی بەشی دکتوراە ( ئوردوخان ) و ( م . رەشید ) پـاش تەواوکردنی کاریان لە ئەکادیمیەی زانستیی ئەرمەنستان کار ئەکەن . بەلام (م . نزاروف ) (٥) پاش تەواوکردنی کاری لە ئەکادیمیەی زانستیی تورکمانستانی سوفیەتی کار ئەکا ، نامەی دوکتورای لە بابەت کوردی تورکمانستانە .

لەم دواییەدا دوولاوی کوردی عـــیراق گەیشتنە لینینگراد ، لە بەشی دکتوراە کار ئەکەن ، پیویستە نامەکانیان لە بابەت ئەدەب و میژووی کوردەوە بیت ، ئەم دوو لاوە زیرەك و هوشیارە یەکەمیان معروف خزنەدارە ، ئەویتریان کاوس قەفتانە ، نامەی دکتورای معروف خزنەدار ( لیکولینەوە لە میژووی ئەدەبی کوردیی تازە ١٩٠٠ ـ ١٩٦٠ ) ە ، نامەی دکتورای کاوس قەفتان ( شورشەکانی بارزان )ە .

---

(١) م . خەمو : کوردی دیهاتەکانی کوردە کە لە خوارووی یەریفان پـایتەختی ئەرمەنستانن .

(٢) جەلیلی جەلیل : کوردی شاری یەریفانە .

(٣) م . رەشید : کوردی شاری یەریفانە .

(٤) ئوردوخانی جەلیل : کوردی شاری یەریفانە .

(٥) م . نزاروف : کوردە ، خەلکی شاری عەشق ئابـادە پـایتەختی تورکمانستانی سوفیەت .

ئیمه هیوادارین که ئەم دوو لاوه زیرەك و بە غیرەتە ، بە یاریدەی زانایانی بەشی کوردی نامە کانیان بە سەرکەوتوویی بنووسنەوە ، وە لە پاشانا بە سەلامەتی بگەڕینەوە نیشتمانی خوشەویست ، لە گەل نەتەوە کەیان خەبات بکەن بو بەهیز کردنی یەکیتی و برایەتی ی کورد و عەرەب ، وە بو بەریوە بردنی زانیاری لە عیراق دا ، بو پیش خستنی کوماری خویان بەرە و دیموکراتی ی راست ، ئەوەی هەموو کەسیك ئەیەوی .

بەریوەبەرانی بەشی کوردی باوەریان بە هیزە کە کورد زانی لە کومارەمانی تری سوفیەتیش دا ئەگریتەوە و پیش ئەکەوی ، زانستی سوفیەت ئەتوانی خزمەتیکی زوری خویندەواری ی نەتەوەی ی کورد بکا .

## کومەلە شیعری مەولەوی

دەمی سالە ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس خەریکی کوکردنەوەی هەلبەستە رەنگینەکانی مەولەوی و بەراورد کردنی ئەو چەند دانە دەسنووسەیە کە لە نامەخانەکانی ئەم و ئەوا هەیە . تا لەم دواییەدا ماموستا لەو پروژەیە بووەوە ، پارچە هەلبەستەکانی بە پی ی تیپی ئەلف و بی ریك خستووە و مەعنای وشەکان و تیکرای شیعرەکانی لە پەراویزی لاپەرەوە لیك داوەتەوە ، ئیستا ئەم پەراوە نایابە لە ژیر چاپایە لەسەر قاقەزیکی سپی ، وە لە ماوەیەکی کەما ئەکەویتە بازارەوە لە گەل سەرەتایەکی گرنگ و میژووی ژیانی مەولەوی بە دریژی .

# ژیان و زانستی

# کوردەکانی ئەرمینیای سوفیەتی

نووسینی : ئەمین ئەبدال

کومەلی دوستایەتی و پەیوەندی زانستی ی نیوانی
ئەرمینیا و ولاتانی بیگانە بلاوی کردووەتەوە

---

گەلی کورد لە کونترین گەلانی روژهەلاتی نزیکە . لە چەرخی کونا کوردەکان لە خوارووی [ ئەرمینیا ] دا ئەژیان لە [ چیایەکانی کورد ] دا ، وە بە روژهەلاتی سەرچاوەکانی رووباری دەجلە و زنجیرەی شاخەکانی [ زاگروس ] دا بلاو بووبوونەوە . پاشان لە شاخەکانی [ تەورووس ] تا ناوچەی [ دەرسیم ] یشیان گرتەوە .

ئیستاش نەتەوەی کورد کەوتووەتە بەر ئیران و تورکیا و عیراق و سووریا وە لە کومارەکانی [ قەوقاز ] و لە ئاسیای ناوەراستیشا ئەژین .

لەو دیوی شاخی قەوقازەوە کورد لە کوماری ئەرمینیا و ئازەربایجانی سوفیەتیدا ئەژین ، کەمیکیشیان لە کوماری جورجیای سوفیەتیدا ئەژین .

لە سالانی ١٨٧٧ ـ ١٨٧٨ دا لە ماوەی جەنگی رووس و تورکا هەندیك کورد لە ناوچەی [ عینتاب ] ەوە لە نزیکی شاری [ بایەزیدی کون ] کوچیان کرد بو ناوچەی [ دیکور ] لە هەریمی [ قارس ] وە بو [ ئەپاران ] و [ سوورملو ] و [ چەمیازبن ] لە هەریمی یەریفان ، وە پاشان لە ناوچەکانی [ هوکتەمبەریان ] و [ ئەشتارك ] یش بلاو بوونەوە لە سالی جەنگی یەکەمی جیهانی یشا [ ١٩١٤ـ١٩١٨ ] کوردە یەزیدی یەکانی ناوچەی [ قارس ] و [ سورملو ] یان بەجی هیشت و کوچیان

کرد بو [ ئەپاران ] و [ تالین ] و [ هوکتەمبەریان ] لە ئەرمینیا ، هەندیکیشیان چوون بو [ جیورجیا ] ، نەوەی ئەوانە ئیستا لە شارانی [ تفلیس ] و [ روستافی ] و [ باطوم ] وە لە ناوچەی [ کاختیا ] ئەژین . کوردەکانی ئەرمینیای سوفیەتی‌یش لەمیژە لە ناوچەی [ ئەپاران ] و [ تالین ] ئەژین ، کەمیکیشیان لە ناوچەی [ باسارکتشار ] و [ ئەشتاراك ] ئەژین .

هەر چەند هەندی نەتەوەپەرستی شیت گیر پروپاگاندەی درو بلاو ئەکەنەوە لە بارەی پەیوەندی نیوانی کوردو ئەرمەنەوە ، بەلام دوستایەتی‌ی ئەم دوو گەلە زور کونە ، وە سالەهای سالە بە میرات بو نەوەکانی پاشەوە دی .

پیش شورشی مەزنی سوشیالیستی‌ی ئوکتوبەر ئابووری و زانستی کوردەکانی ئەرمینیا زور لە دوا بوو ، کوردەکان بەشیوەیەکی تایبەتی خەریکی حەیوانداری و فەلاحەت بوون ، هەندی سنعاتی دەستی‌یشیان لە ناوا هەبوو وەك قالی و بەرە دروست کردن و شتی وا . رەنجکیشە کوردەکانی لەژیر باری تالان و چەوساندنەوەی سەختی سەرخیلەکان و دەولەمەندەکانا بوون .

گیانی تولە سەندنەوە لە ناو کوردەکانی ئەرمینیایشا ، وەك لە ناو هەر گەلیکی‌ترا ، ریشەی داکوتابوو ، وە پیویست بوو لە سەر هوز کە چاو پوشی‌ی لی نەکات . هەموو جاری بە هوی مولکایەتی‌ی زەوی و زارو ، شەری چینایەتی و ، ئافرەت هەل گرن و شتی واوە ، هەرا پەیدا ئەبوو لە نیوانی هوزەکانا ، وە ئەمە ئەبوو بە هوی شەرو ئاژاوە و خوین رشتنیکی زور لە نیوانی دووهوزا ، یا هەر لە ناو هوزیکدا بەتەنیا .

ئافرەتی کورد لەو وەزعە پاش کەوتووەدا ، وەك بەندی وابوو ، مافی چون یەکی‌ی بوو لە گەل پیاوان . لە کاتی منال بوون و لە وەختی نەخوشینا تەنها مامانیکی نەفام بە دیاریەوە ئەبوو . کوردەکان عادەتیان بوو هەر یەکە چەند ژن

بینی . کوردە دەولەمەندەکان تا چوار ژنیان مارە ئەکرد . پیاو لە خورایی وە بە بیانووی هەندی شتی هیچ و پووچەوە ژنەکەی تەلاق ئەداو دەری ئەکردو سزای ئەدا .

پیش دامەزرانی حوکمی سوفیەتی دیهاتی کوردەواری لە ئەرمینیادا هیچ خویندنگایەکیان تیا نەبوو ، وە روژنامە و کتیب ری یان نەئەکەوتە دیهاتەکان . بە هوی ئەوەوە کە هیچ کتیبیك بەکوردی نەبوو ، وە کورد ئەلف و بی ی تایبەتی ی خوی نەبوو ، زوربەی کوردەکان نەخویندەوار بوون ، تاك و تەرایان تیا بوو بە زمانی رووسی یا ئەرمەنی ، یا ئازەربایجانی ، یا جیورجیایی فیری خویندەواری بووبی . زەلامی کورد لە شیوەیەکی دەشتەکی یانەی تەواودا ئەژیا .

شورشی مەزنی سوشیالیستی ئوکتوبەر کوردەکانی رووسیای کونی راپەراند . هەر کە نەریتی کولخوزی بلاو بووەوە بە گوندەکانی یەکیتی ی سوفیەتدا ، ژیانی رەنجکیشە کوردەکان ریبازیکی نوی ی گرتە بەر ، وەژیانیکی تازەیان دەس پی کرد .

پاش دامەزرانی یاسای سوفیەتی و دابەش کردنی زەوی و زار ، رەنجکیشە کوردەکان زەوی یان دەسگیر بوو ، ئەو کوردانەی کە لە ژیانیکی دەشتەکی یانە دا بوون ، دەسیان کرد بە فەلاحەت و تووتن و تەرە کال کردن و پەروەردە کردنی میش هەنگ و چینەکەر . ئیستا ژمارەیەکی زور لە کریکارو پسپور و پیشەوەرە کوردەکان لە کارگاکانی [ یەریفان ] و [ لینینیکان ] و [ تفلیس ] و [ باکو ] و شارەکانی ترا ئیش ئەکەن ، وە لە گوندەکانی کوردەواری دا تراکتور و مەکینەی درەوو کیشە و مەکینە کشت و کالی یەکانی تر ئیش ئەکەن ، وە کوردەکان ئەیان بەن بەریوە .

دیمەنی گوندەکانی کوردەواری گوراوە ، چونکە خانووەکانیان لە سەر شیوەی نوی تازە کراونەتەوە ، وە لە جیاتی ی خانووە کونەکان کە لە ژیر زەوی دا هەل ئەکەنران ئیستا خانووی جوانی یەك نهوم و دوو نهوم ئەکریتەوە ، وە ناو مالەکانیش لە سەر شیوەی نوی پوشتە کراونەتەوە . کوردەکانی ئەرمینیا پیش ئوکتوبەر

هیچ پیشەیەکیان نەئەزانی ، بەلام ئیستا خانوو دروست کەر و دارتاش و سەنگ تاشیان تیا هەلکەوتووە .

وە لە ئەنجامی دامەزرانی یاسای سوفیەتیو پەیدابوونی شورشی زانستیدا گورانیکی زوری کومەلایەتیو ئابووری هات بە سەر ژیانی ئەرمینیای سوفیەتیدا ، وە ئەمە بوو بە هوی بەرزبوونەوەی پلەی زانیاریی کوردەکانیش . جاران خویندن لەبەر چاوی کوردە یەزیدییەکانا بە تاوان دائەنرا ، بەلام ئیستا ئەو میشکە پووچە بو یەك جاری باری کردووە .

ئیستا کوردەکان هەموویان حەزیان لە خویندەوارییە ، پارتیی کومونیست و حوکوومەتی سوفیەتیش دریغییان لە هیچ نەکردووە بو رزگارکردنی رەنجکیشە کوردەکان لە دواکەوتوویی جارانیان . ئەلف و بیی کوردی بو یەکەم جار لە بەریفان دانرا . ئیستا ماموستایانی کورد لە دیهاتە کوردەکانی ئەرمینیا دا دەرز ئەلینەوە ، وە لە قوتابخانەکانی کوردەکانا ١١٢٠ قوتابی ئەخوینی . لە هەموو دیهاتە کوردەکانا قوتابخانەی نوی کراوەتەوە . ئەو قوتابخانانە وەنەبی تەنها ماموستای کورد دەرسیان تیا بلیتەوە ، بەلکو ماموستای رووس و ئەرمەنیش دەرسیان تیا ئەلینەوە ، وە شان بە شانی روشن بیرەکانی گوندەکان تیئەکوشن بەرامبەر پاشماوەی خوو رەوشتە بەدەکانی کون . یانە زانستییەکان و ژوورەکانی کتیب خویندنەوەش کە نامەخانەو هولی گەورەیان هەیە بو خویندنەوە و شانو گیران و فلیم پیشان دان ، دەوریکی باشیان گیراوە لە بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی رەنجکیشە کوردەکانا ، وە لە گورینی ژیانو هەستی دەروونییاندا . زورجار لەو یانانەدا ئاهەنگ ئەگیرری و وتارو راپورت ئەخوینریتەوە و شتیتر ئەکری . ئەم یانە و نامەخانانە ئیشیکی زور ئەکەن بو بلاوکردنەوەی زانستی کشت و کالی و تەکنیکی لە نیوانی کوردەکانا .

یانە هەر لە سەرەتاوە دەوریکی گرنگی گیراوە لە ریکخستنی حەزە هونەرییەکانی گەل و پیش خستنی هونەری کوردیدا . بەم بونەیەوە جوانە ئیشارەت

بکەین بو یانەو زانستیگای دێی [ ئەلاگیز ] لە ناوچەی [ ئەپاران ] کە ئیشیکی گەورە ئەکەن بو بلاوکردنەوەی زانیاری لە ئەلاگیز و دیهاتەکانی دەورو پشتیا . ئەم زانستیگایە تیپیکی گورانی و هەلپەرکییشی هەیە .

هەروەها کوردەکانی ئەرمینیا بە شیوەیەکی هەست پیکراو ژیانی تەندروستییشیان گوراوە ، وە توانای دوکتورەکان زیادیکردووە . ئەمانە وتارو باسی پزیشکی ئەخویننەوە بە سەر فەلاحەکوردەکانا .

لە گوندی [ ئەلاگیز ] و گوندی [ هاکو ] لە ناوچەی(تالین)دوو خەستەخانە هەیە ، لە گوندەکانی دەورو پشتیشیانا دەرمان خانەو نەخوش خانەی منال بوون هەیە ، وە بو ئەوەی کە خەلك تووشی نەخوشیی ساری نەبن ، بەپناو بەین دوکتور دیت بو کوتانی خەلکەکە . ئەهمیەتیکی زوریش ئەدری بە لەش ساغیی منال .

روژنامەی [ ریاتازا ] ئورگانی کومیتەی ناوەندی پارتیی کومونیستی ئەرمینیا دەوریکی گرنگ ئەبینی لە مەسەلەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی کوردەکانا . ئەم روژنامەیە بە زوری وتار بلاو ئەکاتەوە لە بارەی ئەتنوگرافی و فولکلورو بەخیوکردنی منال و شتی واوە . [ مروی ئەسەد ] کە یەکیکە لە نووسەرەکانی ئەو روژنامەیە ژمارەیەکی زوری لە لاوە کوردەکان خرکردووەتەوە لە دەوری خوی ، ئەمانە وتارو هەوالی بە زوری بو ئەنیرن ، وە بە گەرمیتی ئەکوشن بەرامبەر پاشماوەی رەوشتی کون ، وە لە بارەی میژووی کوردەوە ئەنووسن ، وە سەبارەت بە ئاشتی و دوستایەتیی نیوانی گەلان و فیرکردن و پەروەردەکردن و ئەدەبەوە وتار بلاو ئەکەنەوە .

هەروەها لە سالانی حوکمی سوفیەتیدا ئەدەبی کورد دامەزراوە و تا رادەیەکی زور پیش کەوتووە . لە سەرەتای گرییی سەهەمی ئەم سەدەیەدا چەند نووسەریی کورد پەیدا بوون وەك [ حاجی جندی ] و [ عەرەب شامو ] و [ جاسمی

جەلیل ] و [ وەزیری نادری ] و [ کوردوی کونجو ] و [ قوجاخی مراد ] و [ ئەحمەدی میرزای ] و [ نوری ] و [ ئوتاری شارو ] و من .

حاجی جندی یەکیکە لە دامەزرینەرانی ئەدەبی کورد ، وە وەنەبی تەنیا نووسەر بی ، بەلکو زانایشە وە یەکەم فولکولوریستی کوردە کە لە بەشی روژهەلات ناسی‌ی ئەکادیمیەی زانستی‌ی ئەرمینیای سوفیەتیدا ئیش بکا ، وە گەلی نووسراوی ئەدەبی‌و کتیبی قوتابخانەی بە کوردی داناوە . حاجی جندی لە پارچە هەلبەستەکەیا [ هەلبەستی من ] بە شیوەیەکی رازاوە باسی کویلەیی جارانی ئافرەتانی کوردی کردووە ، وە دەری خستووە کە ئیستا لە ژیر سایەی حوکمی سوفیەتیدا چەند بەختیارن .

حاجی جندی بە حەزیکی بی پایانەوە هەلبستی کونی میللی‌ی کورد ئەنووسیتەوە و ئەی رازاینیتەوەو بە کوردی‌و ئەرمەنی‌و رووسی بلاوی ئەکاتەوە . لە سالی ١٩٤١ دا قەسیدەی [ کیارو کولوکی سلیمانی سلیفی ] بە کوردی دەرکرد وە لە ١٩٣٦ یشدا کتیبی [ فولکلورا کرمانجا ] ی دەرکرد بوو ، وە لە ١٩٥٣ یشا داستانی [ کور ئوغلی ] ، وە لە ١٩٥٤ دا کتیبی [ ئەدەبی کورد لە ئەرمینیای سوفیەتیدا ] ی دەرکرد . ئەم کتیبانە هەموو لە یەریفان لە چاپ دراون . حاجی جندی چەند دانراوی تریشی هەیە . چیروك و هەلبەستەکانی حاجی جندي بە شیوەیەکی جوان ژیانی گەلی سوفیەتی و ئیش و کاری ئەم گەلە دەرئەبری ، وینەی رازاوەی ئەدەبی لە نووسراوەکانی ئەم نووسەرە دا دیارە .

[ جاسمی جەلیل ] و [ عەرەب شەمو ] یش لە دامەزرینەرانی ئەدەبی کوردین . جاسمی جەلیل خویندنی بەرزی تەواوکردووە ، وە ئیشیکی گەورەی کردووە بو پیش خستنی شیعری میللی‌ی کوردی لە بارەی هونەری‌یەوە ، وە بو بلاوکردنەوەی بە ئەرمەنی . هەروەها گەلی پارچە هەلبەستی جوانی هەیە وەك

[ بەستەی هەزبك ] و [ تللی ئایشی ] و [ تللی هەمزە ] و [ سوزی کوردی ] کە لە سالی ١٩٥٥ دا لە یەریفان چاپ کراون ، وە گەلی پارچە هەلبەستی تریش .

عەرەب شەمویش لە چیروکەکانیا وینەی ژیانی کون و نوی ی کوردەکانی کیشاوە ، وە باسی خەباتیانی کردووە بەرامبەر بەکونە و دوژمنی چینایەتی . هەروەها چەند نووسراوی زانستی یشی هەیە لە بارەی دەرەبەگی لەکوردستانا وە دەربارەی گەلی مەسەلەی تر . نووسراوە ئەدەبی یەکانی [ وەزیری نادری ] و [ قوجاخی مراد ] و [ ئوسوی بەگو ] و [ ئەحمەدی میرزا ] و [ نوری ] و [ ئوتاری شارو ] و [ میکائیل رەشید ] و ( عەلی مەمەدی ) و ( بەختشوی ئەسکو ) و نووسەرە لاوەکانی تریش گیانی نیشتمان پەروەری و ئاشتی خوازی و دوستایەتی یان تیا فەرمان رەوایە .

هەروەها گەلیك لە نووسەرە ناودارەکانی ئەرمەن ئیشیکی زوریان کردووە بو ناساندنی نووسەرانی کورد و فولکلوری هەمە جورەی کورد بە خویندەوارانی ئەرمەن ، لەمانە ( نایری زاریان ) و ( صوغومون داروئتسی ) و ( هوفانیس شیراز ) و ( سارمین ) و ( فاهان گریگوریان ) و ( فاهان کارئتس ) و ( مکردیچ خیرانیان ) کە گەلیك نووسراوی نووسەرە کوردەکانیان وەرگیراوەتەوە سەر ئەرمەنی .

لە ناو رەنجکیشە کوردەکانی ئەرمینیای سوفیەتیدا ژمارەیەکی زور لە پیاوانی دەولەت و زانایان و تیکوشەرانی کومەلایەتی هەلکەوتووە وەك ( نادوی خودو محمدوف ) و قارەمانی یەکیەتی ی سوفیەت ( سەمەند سیامەندوف ) و کاندیدی زانیاری ی میژوو ( خالد چەتوییف ) و ( میروی ئەسەد ) و ( شاکروی خدو ) و ( خلیل مراد ) و ( شاوی برو ) و ( ئەرامـا تشاتشان ) و ( تەیموری برو ) و گەلیکی تر .

نووسەرە کوردەکان لە نووسراوەکانیانا باسی نیشتمان پەروەری ی کوردە سوفیەتی یەکان و ژیانی روژانەی ولاتەکەیان و سەرکەوتنی سنعات کاری و کشت و

بدیە چون هوردان وە نـام و نەنگدا
بی پەروا مدو ویش وە رووی سەنگدا
هـای ساقی هەلای سەرمایەی خامی
نمەدوم وە دەس رای نیك نامی
بـاوەرە وەش وەش سادەی هەی پەی کەی
تـاف قەلوەزەی ساف شیشەی مەی
مەوجش بنچینەم بدو وە هەم دا
هەستیم دو وە بەرد هەرد عەدەم دا

## پیش مەرگە

پیش مەرگە ، یەکەمین چیروکیکی دریژی کوردی‌یە تـا ئیستا نووسرابی . پیش مەرگە لاپەرەیەکە لە خەباتی قارەمانانەی نەتەوەی کورد بەرامبەر ئاغاوەت و داگیرکەران لە دەوروبەري جومهووریەتی دیموکراتی کوردستانا .. پیش مەرگە چیروکی خەبـات و دلداری‌یە . . پیش مەرگە پرە لە فولکلوری کوردی ، وە بە شیوە پاراوەکەی موکریانی خوشەویست نووسراوە .. پیش مەرگە دیاری‌ی لاوی تیکوشەری کورد ( دوکتور رەحیمی قازی ) یە بو نەتەوەی کوردی قارەمان .

# کویه و شاعیرانی

ئەمە بەشیکە لە کتیبەکەی ( کریم شارەزا ) خاوەنی کومەلە هونراوەی ( ئازادی و ژیان ) کە ماوەیەك لەمەو پیش کەوتە بازارەوە . وا ئەم کتیبەش خەریکە بکەویتە ژیر چاپەوە و بەم نزیکە خویندەواری خوشەویست چەن لاپەرەیەکی رەنگینی ئەدەبی نەتەوەکەی پی ئەگات .

کویە ئەو شارە میژووینە دیرینەی کوردستانی عیراقە کە لە داوینی چیای هەیبەت سولتانی رەنگین دا بنیات نراوە ، لای ژوورووو روژهەلاتی بە چیا دەورە دراوە ، لای خوارووو روژ ئاواشی دەشتایی و گردو دولە . لە روژهەلاتی هەولیرەوە ٨٠ کیلو متر دوورە ، بە ریگای قیرتاو نەکراو بە شارانی هەولیرو کەرکووك و رانیە و سولەیمانی‌یەوە بەستراوە . سەرژمیری گەیشتووەتە ٣٠٢٠٢ کەس .

کویە میژووی رابوردووی پرە لە کارەسات بە تایبەتی لە سەردەمی شەر و هەرای ئاشوری‌یەکان و میدی‌یەکان و ئەو دەولەتانەی لە ئیراندا دامەزراون وەك ئاخەمەنی و ئەشکانی و ساسانی و دەولەتی رومەکان ، لەو سەردەمەدا بووەتە پی‌شیلگەی لەشکری ئەو دەولەتانە دانیشتوانی گەلیك سزاو مال ویرانی‌یان دیوە و زور جار شارەکەیان ویران کراوە و دوایی ئاوەدان کراوەتەوە (١) .

(١) گوفاری هیوا ژمارە (٧) سالی (١) وتاریکی طاهر ئەحمەد حەویزی .

هەروەهـا لە دەوری فتووحاتی ئیسلامی دا کە عەرەبەکان لە ریگەی هەولیرەوە توانیویانە شاری ( هەرمووتە ) بگرن ـ کە ئیستا دی یەکی خنجیلەی دیانە کلدانی‌یەکانەو نزیکی چوار کیلومەترە لە روژ ئـاوای کویە دوورە ـ وە لە پـاشانا دوای شەرە شیریکی زور شاری ( کوهسار ) یشیان گرتووە کە کویەی ئیستایە . لەبەر ئەمەی کوهسار بەو شوینانە ئەلین کە ناوچەی شاخاوی بن ، دوورنی‌یە ناوی کوهساریش کورت کرابیتەوەو بووبیت بە ( کویە ) وە یـا ( کو ـ شار ) بووبیت . وە لە دەوری عەباسی‌یەکانا وەك زور جیگای تر حوکمی دەرەبەگی لە کویە دامەزراوەو سنووری تاروخی زیی کویە ( زابی بچووك ) رویشتووە ، وە لە دوای ئەم سەردەمە لە گەل حکوومەتی سوران و ئەردەلان هاو سنوور بووە (١) وە لە پاشا ئەم ناوچەیە چەن جـار دەمی بە دەست بابان و دەمی سەربەخوو دەمیکیش بە دەست سورانەوە بووە . تـا دوایی راستەوخو کەوتە ژیر حوکمی عثمانی‌یەکان تا دەوری ( ئیحتیلالی ئینگلیزی ) .

کویە لە دیر زەمانەوە ناوچەییکی ئایین و زانیاری بوە و گەلی مەدرەسەی بە ناوبانگی تیا بووە . گەلی زاناو شاعیری وەکو شیخ مصطفیی قطبی شام ( لە چەرخی هەژدەم ژیاوە ) و قاصد ( ١٢٠٠ـ١٢٧٠ هـ ) و حاجی قادر و مەلا عبدالله ی جەلی ( ١٢٥٠ ـ ١٣٢٦ هـ ) و ئەختەر ( ١٨٣٩ ـ ١٨٨٦ م ) و ثانی و مەنفیو مەلا محمدی گەورە و صافی و دلداری لی هەلکەوتووە و ناوبانگیان بە کوردستانا بلاو بووەتەوە ، بەلام لە دوایی‌دا بە هوی تومارنەکردنی بەسەرهاتی ژیان و شیعریان ئەو ناوبانگەیان شاردراوەتەوە و لە میژووی ئەدەبـا ون بووە . ئەوەی مابیتەوە بەریکەوت ، لە زاری ئەم و یا لە دەفتەرە شرە و بەرگـی ئەو کتیبە کونە کەوتووەتە دەسمان ، ئەگینا نەك کویە بەلکو کوردستان شاعیری زور کون و

(١) گوفاری هیوا ژمارە (٧) سالی (١) وتاریکی طاهر ئەحمەد حەویزی .

ئیجگار بەرزی بووە ، نەك هەر پیاو ، بەلكو ژنیش شاعیری بەرزیان تیا هەلكەوتووە .
بـو وینە ( حەزینە ) كە ئافرەتیكی كویی‌یەو لە ( ١٣٣٠ هـ ) كوچی كردوە لە لاواندنەوەی سەرەمەرگی حاجی مەلا عبداللەی میردیا ئاوای فەرمووە :

ئەی رەفیقانی شەریعەت ، بـــین بكەین گـریان و شین
حەیفە بو ئەو قوطبی كامیل كوچی‌كرد بو رووی زەمین ..

وە لە شیعریكی‌ترا كە بە نامە بوخوشكی ناردووە ئەلی :

مەلی خوشكـم لە بـــیری كـردم ئـاخر
بـــە وەللا هـــەر لە كن تـویە خەیـالم
بیوســـە دەستەكانی ( دا خەجیجـــم )
سەرو رووی خـــوم بە خاكـی پـای دەمـالم

كویە هەر وەكو باسمان كرد لە كونەوە مەلبەندی خویندەوارو زانایـان بووە ، جگە لەمەلاو زاناو شاعیرانی خوی لە هەمووگوشەییكی كوردستانەوە روویان كردووەتی بو وەرگرتنی تەحصیل وەك (مەولانا خالید) و ( كەیفی‌ی جوانرویی) ـ كە هەمو تەمەنی لاوی لە كویە بە سەر بردووە تـا چووەتە ئەستەمبول ـ وە ( ئانی ) و ( صافی‌ی هیرانی ) ـ هیرانیش لە گەل ناوچەی كویە بـووە ـ وە شیخ رەزای تالەبانی . تەنانەت شاعیری بلیمەتی كورد ( نالی ) یش سەری لی‌داوە و لە مەجلیسی ئەمین ئاغای ئەختەردا جیگایەكی دیاری بووە .

هونەری شیعر لە هەموو شوینیك نەك هەر لە كویەدا بە پی‌ی دەورو باری ژیانی كومەلایەتی و ئابووری‌ی كومەل دەگوری ، وە هەروەك ئاوینەیەكی ساف و بی گەرد باری ژیانی ئـەو كومەلە ئەنوینی كە شاعیر لە ناویا ئەژی ، بویە دەبینین ئەو شاعیرانەی كە ( فولكلور ) ی ئەم ناوچەیان داناوە ، بەشیوەیەكی سادە و راست و رەوان شعووری خویان دەربریوە . بو وینە ئەم چەند پارچە فولكلورەی ناوچەی

کویە ئەنووسین (١) :

چاوت ئەستێرەی ( پیرو ) وی      هەلدی لە ( دەرکی گەرو ) وی

پیروزت بی لە یلی نوی

چاوت ئەستیرەی سەحەری      هەلدی لە ( بیژنگ بە سەر ) ی

کوژرام لە رێی پیغەمبەری

تەحا ، لە کەوا کەی کونی      وەك رەیحانە دەروا بونی

ژوانمان لەگردی ( کەکون ) ی

لە سەدەی هەژدەهەم و سەرەتا و ناوەراستی سەدەی نوزدەهەم شاعیرانی کویە لە غەرەزی شیعری ئایینی و دلداری و ستایش دواون و هەمو توانای خویاون بو تەرخان کردووە . وا بو نموونە پارچە هەلبەستیکی ئایینیی تصوفیی شیخ مستەفای قوطبی شام پیشکەش بە خوێندەواران دەکەین ، کە نموونەی هەلبەستی کوردی ( شیوەی سورانی ) یە لە سەدەی هەژدەهەم دا :

الله هەبو ، قەت کەس نەبوو

بوونی بـوو ، نەبوونی نەبوو

ئەزەلی بـوو ، ئەبەدی بـوو

فەردو ئەحەد ، سەرمەدی بوو

زاتی لە غەیران غەنی بـوو

[ الآن کان کما کان ]

وە لە دوای ناوەراستی سەدەی نوزدەهەم شیعری پەلاماردان ( هجوم ) و دلداری زورلە با بووە ، پالەوانانی ئەم دوو غەرەزە (ئەختەر) و (کەیفی) و (مەنفی) بوون .

---

(١) ئەلین دانەری ئەم شیعرانە ئافرەتیکی ناسراو بووە . ( تەحا ) وشەی سەر سورمانە .

وه له هه‌مان کاتدا نووسین ( نه‌ثر ) ی کوردی‌یش پیشکه‌وتبووه ، وه له‌م کاته‌دا زانای شاعیر ( مه‌لا عبدالله‌ی جه‌لی ) زور سه‌رکه‌وتووبووه (١) . وا بو نموونه پارچه‌یه‌ك له نووسینه‌کانی پیشکه‌ش ده‌که‌م که له مه‌ولوود نامه‌که‌یمان وه‌رگرتووه ، ده‌رباره‌ی پەیا بوونی ( جنین ) ی پیغمبه‌ر ئه‌لی :

« مه‌لایکه‌تان ته‌به‌ق ته‌به‌ق نووریان نیثار کرد ، ده‌رگای جه‌هه‌ننه‌م داخرا ، به‌هه‌شت وه‌کو بووکان مزین کرا ، حوری‌یان خویان ئارایشت دا ، سه‌ریان له قه‌سرو قسووری به‌هه‌شت ده‌رهینا . گولی به‌هه‌شت پشکووتن ، نه‌سیمی جه‌نه‌ت ئه‌نگووتن ، خونچه ده‌می داوه ، کانی‌ی وشك ژیاوه ، ته‌یر هاته خروش ، جو و جوبار هاتنه جوش ، بلبل مه‌ست بوون له سه‌ر چلان ، نه‌سیم وه‌ر بوون به نیو گولان ، گولوك سوور بوون ، گیا پر نوور بوون . . تاد » .

وه له مه‌یدانی بیرو باوه‌ری نه‌ته‌وایه‌تی دا ( حاجی قادری کویی ) و ( مه‌لای گه‌وره ) و ( دلدار ) عاطیفه‌و هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی‌یان جوشاوه ، وه له‌م مه‌یدانه پیروه‌زه فراوانه دا ئه‌سپی شیعریان به‌تاو لینگ داوه و ده‌نگیان له هه‌موو کوردستان بیستراوه و خه‌لك به شانازی‌یه‌وه بانگیان ستاندووه‌ته‌وه ، وا نموونه‌ی شیعری نه‌ته‌وایه‌تی‌ی ئه‌و سه‌ده‌یه پیشکه‌ش ئه‌که‌ین که شیعریکی حاجی‌قادره و ئه‌لی :

تا ریك نه‌که‌ون قه‌بیلی ئه‌کراد
هه‌روا ده‌بنه خرابه ئاباد

---

(١) به‌راستی ( جه‌لی ) به‌ردی بناغه‌ی نه‌ثری کوردی‌ی داناوه ، له شیوه‌ی ئیمه‌دا پارچه نووسراوی په‌خشانمان له مه‌ولوود نامه‌که‌ی ئه‌و کونتر و جوانتر نی‌یه که به‌لگه‌یه‌کی به که‌لکه بو میژووی ویژه له کوردی دا ، وه هه‌روه‌ها نموونه‌ی میثولوجیای ئایینی‌ی ئیسلامی‌یه ( ع ) .

ئەنواعی میلەل بە گەورەو و چووك

خەملیوە مەمالیکی وەکو بووك

شیعری نەتەوایەتی پی بە پی پیشکەوت تا بە شیوەییکی پر جوش وئاگرین خوی نواند لە هەلبەستە بەرزە ناودارەکەی یونس رەوف دلدار (ئەی رەقیب) کە ئیستا بووە بە ( مارسیلیزی کوردی ) و ویردی زمانی هەموو لاویکی خوین گەرم لە کوردستانا :

ئـەی رەقیب هەر مـاوە قەومی کورد زمـان
نـای شکینی دانـەیی تـوپی زەمـان
کەس نەلی کورد مردووە ، کورد زیندووە
زیندووە و قەت نـانەوی ئالاکەمان

خویندەواری بەریز ! ئەوەیە کویە و شاعیرانی ، کە خوم بەبەختیار ئەزانم ئەگەر بە تومارکردن و بلاوکردنەوەی شیعری شاعیرانمان ، کەلینیکی بچووکم لە ئەدەبی کوردی دا پر کردبیتەوە .

## هونەروەرانی بە ریز

بو پال پیوەنانی هونەرمەندانی کوردستان ، وە لە پیناوی پیش خستنی هونەردا ، گوفاری هیـوا ، بریاری دا کە هەموو جاریك ، وینەیەکی جوانی پر مانـا ، بلاو بکاتەوە .

گوفـاری هیـــوا ، تکا لە هونەرمەندان ئەکات کە وینەی تـا ئیستا بلاونەکراوەمان بو بنیرن ، تـا بە [ دیـاری ] پیش کەش بە خویندەوارانی خوشەویستی بکەین ، لە هەموو ژمارەیەکا ، وینەیەك .

ئیتر چاوەروانی وینەکانتانین .

# وەلامێکی زمانەوانی

پـاکیزە رفیق حلمی

لە ژمـارە ٣١ ی سالی ٤ ی کانوونی دووهەمی ١٩٦١ دا نووسراوێکی ماموستا ( طاهر صادق )م بەرچاو کەوت بە ناوی ( دوو پیتی بێ وێنە ) زور دلی روون کردمەوە ، چونکە بوی ئاشکرا کردم کە هەر تەنها من نەبووم بیر لە ئەلف و بێی کوردی بکەمەوە بە تێبینی ( ملاحظە ) یەکی تازە و چاوێکی تیژتر لە جاران .. ئنجا بو ئەوەی دلی ماموستا طاهر صادق فەراموش کەم ئەم چەند تێبینی‌یەی خومی ئەخەمە بەر چاو بەلکو سوودێکی بو ئەویش و بو زمانی کوردی‌یش بێ‌و دل نیاشی ئەکەم کە ئەم تێبینی‌یـانە بەم زووانە بە درێژی بـاس ئەکەم لە کتێبێکدا لە بابەت زمانی کوردی‌یەوە کە دوو سالە پێوەی خەریکم ، وە بەلکو چەند سالێکی‌تریش پێوەی خەریك ئەبم ، پاش شارەزایی‌یەکی باش لە زانیاری‌ی زمانەوە بە تـایبەتی زمانە روژ هەلاتی‌یەکان . . ئنجا تا ئەو کتێبە دەر ئەچی تکام وایە لە خوێندەواران وردە وردە هەرگری و گولێکی بەر چاوی زوو بـە زوو هەیە بوم هەل بژێرن بـا پێکەوە خاویان کەینەوە و پوختەیان بکەین .

جـاری لە پێش هەموو شتێکدا تکام وایە لە کاك صادق دل گـیر نەبێ لە هەوەل تێ بینیم لە سەرەتای باسەکەی کە ئـەلێ ( دوو پیتی بێ وێنە ) ئەم لـێرە دا ئەبوو بلێ ( دوو دەنگی بێ وێنە ) نەك ( دوو پیتی بێ وێنە ) چونکە پیت خوی وێنـەی دەنگە، واتە : پیت = وێنەی دەنگە کەوا بووکە وتمان دوو پیتی بێ وێنە

هەر وەك ئەوەیە بلێین دوو پیتی بێ پیت .. چونكە پیت شتێكە دروست كراوە بۆ ئەوەی ئەو دەنگە كە هونەریكی بووەیە ( موجود ) وە لە خۆیەوە بە پێی ئەو توانا سروشتی‌یەی لە ئینساندا هەیە پەیدا بووە بخاتە وێنەكی هەست پێ كراوەوە ( محسوس ) . كەوا بوو بوونی دەنگەكە پێش دانانی پیتەكەكەوتووە و دانانانی پیت لەسەر ئەو داماوی‌یە پێك هاتووە كە بۆ ئاشكرا كردنی دەنگەكە و دەرخستنی پێویستی بە وێنەكی هەست پێ كراو بووە . ئەم وێنەیەش لە زانیاری‌ی زماندا پێی ئەلێن ( پیت ) كەوابێ ئەم دوو دەنگەی كاك صادق باسی كردوون هێشتا هەر لە پلەی دەنگیكی بووەدان و وێنە = پیتیان بۆ دانەنراوە ، لەبەر ئەوە ئەبێ بلێین دوو دەنگی بێ وێنە . ئینجا بینەوە سەر دوو دەنگەكەی مامۆستا صادق بەدی كردوون لە زمانی كوردیدا و وێنەیان بۆ نەكێشراوە . راستی‌یەكەی منیش لە كاتێكدا كە پار دەستم كرد بە وتنەوەی زمانی كوردی لە ( قسمی دراساتی كوردی ) لە كوللی‌یەی ئاداب ئەم ناتەواوی یانەم بەدی كرد و كەوتمە بیركردنەوە و گەران ، بۆ ئەوەی بزانم كێ لە پێش مندا بیری لەم دوو دەنگە و گەلی دەنگی‌تری زۆر ئاشكرا و تایبەتی‌ی زمانی كوردی كردووەتەوە كە هێشتا وێنەیان نی‌یە لە ئەلف و بێ دا .. بەلام دوای تێكۆشینێكی زۆر بۆم دەركەوت كە ئەوەی من بیری لێ ئەكەمەوە بە بیری خوێندەواراندا نەهاتووە .. هەر چەند بە جۆرێكی تر لێكیان داوەتەوە كە گوایە ( ك ، گ ) ی سادە كە كەوتە پێش چەند پیتێكی یارمەتی دەر ( علة ) دەنگەكەیان ئەگۆرێ و ئەبن بەو ( ك ، گ ) ە (٧) لەسەردانراوەی كە مامۆستا صادق باسیان دەكا . بەلام بیریان لەوە نەكردووەتەوە كە ئەم گۆرینی دەنگە خۆی مانای ئەوەیە دەنگیكی تری جیاواز پەیدا ئەكا و ناتوانین بەم دەنگە تازەیە بلێین ( ك ، گ ) ی سادە ، واتە ، دیسان هەر ئەبێ دان بەوەدا بنێین كە ئەمانە دەنگی جیاوازی تایبەتین . لە وتاریكی تردا ئەوەش ئاشكرا ئەكەم كە ئەم دوو دەنگە تەنها لەگەل دەنگی یارمەتی‌دەری (ی) و (و) دا بەكار نایەن بەلكو لەگەل هەموو

پیتە یارمەتی دەرەکاندا کە ژمارەیان لە کوردیدا ئەگاتە (١١) و بەکار دین ، کەواتە زۆر بە پیویستی ئەزانم وەك ماموستا صادق ئەلی بیر لەوە بکەینەوە بو ئەوەی وینە ( پیت ) دابنیین بو ئەم دوو دەنگە و جیایان بکەینەوە لە دەنگەکانی تر کە ئەمەش زمانی کوردیی پیی دەولەمەند ئەبی و بە تەواوی نیشانەی جیا کردنەوە و سەربەخوبی لە زمانەکانی‌تر ئاشکرا ئەکا ، هەر وەك دەنگی (ز) لە (ژ) جیا ئەکریتەوە و (و) لە (ف) . لیرەدا پیویستە خویندەواران بزانن بە پیی شارەزایی من لە زانیاریی زماندا ( ڤ ) لادانیکی دەنگی (و) ە نەك دەنگی (ف) وە ئەبوو وا بنووسرایە (ڤ) چونکە ( ئاو ) ئەبی بە ( ئاڤ ) و نابی بە ( ئاف ) و ( گوڤار ) ئەبی بە (گووار ) نابی بە ( گوفار ) .

ئینجا ئەم هەموو گری و گول و ناتەواوی‌یەی ئەم ئەلف و بی‌یە کە لە بنچینەدا عەرەبی‌یە و دەستکاری‌یەکی زوری بی سوودی تیا کراوە و زمانی کوردیی پیی ئەنووسریتەوە ئەمان‌خاتە سەر ئەو باوەرە کە بە هەموو تینیکەوە بلیین ئەم ئەلف و بی‌یە دەس نادا بو نووسینی کوردی . ئایا ئەم هەموو نووسینە ( املاء ) پەرپووت و پر لە هەلەیە بەس نی‌یە بو ئاشکرا کردنی ئەمە . گوایە چی لەمە زیاتر ئەم باوەرە بن گیر ئەکا کە تا ئیستا دوو کورد ناتوانن بە یەك جور بنووسن .

دەمیکە هەندی لە کوردە زاناکان و بە تایبەتی ئەوانەی زمان پەروەرن و لە زانیاریی زماندا دەسیان هەیە وەك دوکتور کامران بدرخان ، رەشید کورد ، ماموستا جگەر خوین ، توفیق وهبی ، جەمال نەبەز و ، گیو موکریانی و هەندیکی‌تر هاتوونەتە سەر ئەو باوەرە کە کوردی ئەبی بە ئەلف و بیی لاتینی بنووسری . بەلام ئەوانیش یا لە وینەیەکی لاساییدا لاسایی ئەو ئەلف و بی‌یەیان کردووەتەوە کە بیگانەکان لەم سەدەیەی دواییدا بو زمانی خویان داناوە وەك ئەو ئەلف و بیی لاتینی‌یەکە پاش جەنگی گیتیی یەکەم بو زمانی تورکی دانرا و ئەوانەی لە سەر ئەو

ری و شوینە رویشتن زانـا کوردەکانی تورکیا و سووریـا بوون وەك دوکتور کامران و ، ماموستا جگەر خوین . . یـان لە سەر ئەو ری و شوینە زویشتوون کە هەندي لە روژ هەلات ناسەکانی وەك میجەر سون و ئەدموندس بو ئەوەی نووسراوی کوردی بە پیتی ئینگلیزی بنووسنەوە بـو ئاسان کردنی خویندەوەی . . جورە شیوەیەکی ئەلف و بی‌ی ئینگلیزی‌یان بەکار هیناوە بە تەواوی بە بەر زمانی کوردی نـاکا . ئەوانەی ئەم ریگەیەشیان گرتووە کوردەکانی کوردوستانی خواروون وەك توفیق وهبي و جەمال نەبەز . بەلام وادیارە کە ئەم دوو جورە ئەلف و بی‌یە وەك وتم بە تەواوی بە بەر زمانی کوردي ناکەن چونکە وادیارە لەبەر ئەوەی کە تا ئیستا شارەزایی‌یەکی وا لە زانیاری‌ی زماندا لە ناو کوردا پەیدا نەبووە ، بە تایبەتی لە زانیاری‌ی دەنگ دا لە لایەکەوە ؛ وە لە لایەکی تریشەوە ئەو زمانەوانانە بیریـان لەوە نەکردووەتەوە کە زمـانی کوردی زمانیکی سەربەخویە و ئەو دەنگانەی لە کوردیدا هەن شتیکی تایبەتی‌ی خویین و ئەبی هەموویان بە تەواوی ئاشکرا بکرین و کەم و کورتی‌ی ئەلف و بی‌ی بیگانە نابی بی بە هوی ئەوەی چاو بپوشین لە هەندی دەنگ و بی‌یان کەین بە ژیر لیوەوە و بی‌یان کەین بە قوربانی ئەو کەم و کورتی‌یەی لەو ئەلف و بی بیگانەیەدایە . . چونکە ئەمە ئەبی بە هوی ئەوە زمانەکە بەرە بەرە کرژ بی و بکشیتە دواوە و ئیتر وردەوردە جیاوازی‌ی کەم ببیتەوە لە گەل ئەو زمانەی ئەلف و بی‌کانی بەکار دینی .

کەوا بوو بـو بووژانەوەی زمانیکـی دواکەوتوو ، وە بـو ئاشکرا کردنی سەربەخویی ئەبی زانایـان بەبی پشوو ، وە زوو بە زوو هەولی ئەوە بدەن ئەلف و بی‌یەکی تایبەتی و پر بە بەری زمانەکەیان دانین و بیر لە هەموو دەنگیکی سەربەخوی دەنگ‌دار ( صحیح ) و یارمەتی دەر [ علە ] ی ئەو زمانە بە هەمـــوو پلەکانیەوە بکەنەوە و شیوە و وینە [ پیت ] بـو هەموویان بە ئاشکرایی دابنین . . وە زور بە پیویستی ئەزانم کە زانایان ئەبی زور بە ژیری لەو دەنگانە ورد ببنەوە کە تەنهـا

لە زمانی کوردیدا هەیە و لە زمانەکانی تردا نی یە چونکە ئەم دەنگانەیە کە سەربەخویی زمانی کوردی دەرئەخەن و ئەبن بە نیشانەی جیا کردنەوەی لەو زمانانەی لیوەی نزیکن وەك ئەو دەنگەی کە وا ئەزانری لە تی هەل کیشانی دەنگی [ ن ، گ ] پەیدا ئەبی وەك : هەنگ . مەنگ . دەنگ . . وە لە راستیدا خـــوی دەنگیکی سەربەخویە و لە زمـانی سوەیدیشدا هەیە و شیوەی تەنهـا و سەربەخوی هەیە . وە هەر وەها دەنگی ئەو دوو پیتەی بوون بە هوی نووسینی ئەم بـاسە ، واتە دەنگی ئەو [ ك ] و [ گ ] ەی کە کاك طاهر پیشنیاری کردبوو [ ٧ ] یان لە سەردانری ، وە گەلی دەنگی تر وەك ئەو دەنگەی کە بە تی هەلکیشی [ ن ـ د ] ئەزانری وەك توند . پەند . قەند . وە لە راستیدا دەنگیکی تاکی سەر بە خویە . .

هەموو ئەم تی بینی یانە منی هان داوە بو دانانی جورە ئەلف و بی یەکی لاتینی وا بزانم کەم و کورتی یەکی وای تیـا نادوزریتەوە و تەواو بە بەر زمـانی کوردی ئەکات . . ئەو ئەلف و بی یە بو [ هیــــوا ] ی ئەمجارە .

## کامیـانە ؟

ئەم هەموو زیری رەشەی وا سوودی بـــو داگیرکەرە ،
نەوتە ، یـا خود ئـارەقی نـاو چـاوی چینی رەنجبەرە ؟

مـالی سووتینراوی کوردە دووکەلی سەرکەوتووە ،
یـان هەنـاسەی رەشیەتی ئـاسوی ولاتی گرتووە ؟

ئاگرەکەی ئەو سـایە ئـاسوی بـاوە گور گور شین ئەکا ،
یـان گری کوردە ئەسووتی و ئیدیعـای خوی بوون ئەکا ؟

# سەرنجێك لە وتارەكەی ماموستا

# هـــەژار

## لە ژمـارە (١)ی رووناهی دا

معروف بەرزنجی

لە لاپەرەكانی ژمـارە یەكەمی روونـاهی‌ی خوشەویستدا ماموستا هەژار گەلیك دەردی دلی هەلرشتبوو ، لە گەلیك لاوە باسكی بژاری لە باخی ئەدەبەكەمان هەلمـالیبوو .

زور بەجی‌یە و زور پیویستە باخەوان و بژاركاری دلسوزمان بكەونە كار ، چونكە بەم بی سەرو بی بەری‌یە كاروانی ئەدەبەكەمان سەرگەردان ئەبی و باخەكە درك و دال و دەوەن و چیم داگـــیری ئەكەن . گەلیك شاگول ون ئەبن و زور دوگمە و جونبوتی بـایە خوار هەلدەوەرین و دەپروین پیش كرانەوە و بە ئـاكام گەیشتنیان . دوور نی‌یە درك و دەوەن و چیم هیزی زەمینی ئارەزووی گەلەكەمانیش بچنی ، ئەوسا لە داخی درك و چیم گولی نایابیشی لی ببیزری .

بەلام سكالاكەی مـاموستا هـــەژار لە هەندیك سووچەوە پیویستی بە لیكولینەوەیە وەك :

١ — چاوەنواری‌ی هەلكەوتوو لە چینی مری پلاووكوشكی سپی نشین .

٢ — رووی گلەیی‌و سكالاكەی زورتر لە گەلی میللەتەگویـا ریز لە بویژو نووسیارانی هەلكەوتوویان ناگرن وە بەر تیری توانجیان ئەدەن .

٣ــ دەردی کولکە بویژو لاسایی مندالانەو نە گەنم و نە جـو ، وە
سەربەرەوژیریی ئەدە بەکەمان .

توبیو خوا ماموستا گیان ، لە ژیانیکی کومەلایەتیی وەك هیگەلەکەی ئیمە دا ، کەی بویژو نووسیارانی هەلکەوتوو لە کوشکی سپی و مری پلاو هەل ئەکەون ؟ ئا هەلکەوتوویەکم لەو مری پلاووکوشك نشینانە نیشان دە !

ئایا گریمان بە دەگمەن و ریکەوت یەکیك رووی دابی ، کوشكو پلاوەکەی مـاوە یا نە ؟ دەست و قەلەمە « ٥١ » ەکەی لە کەلەبچە نراوە یانە ؟

لە کومەلیکی دووبەرەکیدا کە چەوساوە و چەوسینەر ، زوردار و زور لی کراو ، داگیرکەرو داگیرکراو هەبی ، هەلکەوتوو بوگەل لە کام چین دەرئەپەری ؟ هەلکەوتووی گەلی میللەت کین ؟ بـا خوت و گوران بکەم بە نموونە . لە چ چینیکەوە هاتوون و کی ئازارتانی داوە و ئەدا ؟ کی دەر بە دەری کردوون ؟ کی [ قـانع ] ی رو وتەل کردوە و [ جگەر خوین ] ی ئـاوارە کردوە و [ عثمان صبری ] محاکەمە ئەکاو [ صالح یوسفی ] ئەخاتە زیندان ؟

تو بلیی ورتە ورتی چەند نەفام و گیژیکم بدەیتەوە بەروودا کە یا سەرکویری چاوەراوو پرو پاگندەی دوژمنەکانمانن ، یاکری گرتەی !

من لەگەلت نیم بو ئەم گلەییە ئەگەر بەگەلی میللەتت بی . ئەگەر بە ویشت نەبی گلەییەکەت لە جیی خـــوی نییە ، چونکە گلەیی لە دوژمن نـاکریت ، هەروەك لە نەفام و کری گرتەش ناکریت . بویژو هەلکەوتووی گەل لە ریزی گەلدا ئەژین . گەلیك کە بەشی هەرە زوری چەوساوە و ئازار دراوو ری لی تەنراوو بی بەش بی لە هەموو سەربەستییەکی سروشتیی ئادەمزاد ، چ جای مافی نەتەوایەتیو دیموکراسی ، ئەبی هەلکەوتووەکانیشی لەو ئـازارو بیبەشییە بەشدار بن . وەك وتوویانە : کالالە قەد بالا . بەلکو دەردی بویژو نووسیارو روشن بیرانی گەل ئەبی

گرانتر بی ئەگەر بەراستی لە ریزی گەلدا بجەنگن . هەستی پاك و بەرزو ناسکی ئەوان شایانی زورترو زووتر پیزانینە بە ئازاری گەل و مروفایەتی . ئەبی لەوانە بن کە لە پیش زورترین کەسەوە ئازاریان پی ئەگاو لە پاش هەموان بە کامەرانی ئەگەن . ئەوانەن هەلکەوتووی ئەدەب و بیر بو گەل و مروفایەتی . بویژو روشن بیری گەل پەروەر چی لە گەل ئەخوازی بوی بکا ، لە گەلیکی ژیردەست و داگیرکراوو ری لی تەنراوو مال بو خو نەبووی وەك کورد ؟ هەلبەت ئەزانن کە مەبەستم چینی رەنجبەری گەلە .

گەل مەگەر هەر تاکیك لە کەلەبچەکەی و سووچیك لە ژووری زیندانەکەی بتوانی پیشکەش بە رولە هەلکەوتوەکانی بکا . با سەرنجیکی [ ناظم حکمت ] و [ رصافی ] و [ لاهووتی ] و [ بحر العلوم ] و [ لورکا ] وکی و کی ی کەی هەلکەوتووی چینی رەنجبەرانی گەلانی کەش بدەین . کە « هەزاران مەسیحی بیرو باوەر و قەلەم بە سیدارە دا کراون » و لە زیندان و دەر بە دەریدا گیانی پاك و بەرزیان پیشکەش کردوە و ئەکەن . برواش ناکەم چاوەنواری یارمەتی بو ئەدەبیکی راست و دروستی گەلخواز لە خو پەرست و دزو جەردەی رەنجی گەلی میللەت بفەرموون ! . چونکە ئەو دەستەیە ئەدەبیکیان ئەوی بو بەزمی شەوی سوورو سەرکویر کردنی رەنجبەران بشی . تا کویلە هەرکویلە بن و بەرتیل دەر بەرتیل بدەن تا ئەوانیش فیزو تەنتەنەی خویانی پیوە بکەن . ئەمانە ناتوانن و نایکەن کە هەلکەوتووی گەلی میللەت بژینن ، بەلکو بویان بکری وەك زور جار بویان کراوە ، باش باش ئەیان کوژن . هەر گەلی میللەتە « هەلکەوتووی خوی ئەژینیتەوە لە دلی خویدا » ئەمەش گفتەی من نی یە هی پیرە میردی نەمرە !

## کولکە بویژو ، شیعری بە پەلەو ، بویژ زوری

بو ئەمەیان لەگەلتم کە بویژ زورن و سەری خویان و خەلکیش ئەیەشینن . پیشتریش گوفاری « شەفەق » لەم دەردە کولیوەوە . لە گەلیك چەرخ و سەردەمدا ئەمە رووی داوە . ئایا شیعرەکەی شیخ رەزات لە یاد نەبوو : « هیندە شاعیر زور بووە لەم عەسرەدا . بوو بە حەشری . . . » بەلام چەند ناوداری وەك شیخ رەزا لەو سەردەمە ماوەتەوە بو ئەمرو ؟ وا بزانم دەستووریکی سروشتی هەیە بو پـالاوتن و تەتەلەکردن : سووك ئەرواو گران ئەمینی ، سەرکوزەر فری ئەدری و دانەویلەی پوخت گل ئەدریتەوە . لە گەل ئەوەشدا بەم بەربەرەلایی‌یە گەلیك كات و رەنج و گەنج بە فیرو ئەچی . لەبەر ئەوە پیویستە نەك هەر تەنیا دووکەس لە بویژو نووسیارە هەلکەوتووەکان خویان تەرخان بکەن بو بژاری بەرهەمی ئەدەبەکەمان بەلکو پیویستە لیژنەیەك لە زانیارانی زمان و ئەدەب و هونەر پیك بینین بو سەرپەرشتی و چاو دیری و بژارو ئاراستەکردن . تـا بەرهەمەکانمانی پیشکەش بکەین و ئەویش بریاری دلسوزانەی خوی لەسەر بدات . ئەوەی شایانی بلاوکردنەوە بی یارمەتی بدریت بو بلاوکردنەوەی . ئەوەشی کەم و کوری و کرچ و کالی‌ی تیدا بی ریگای نیشان بدریت و یـارمەتی بدریت بو پیشکەوتن . ئەوەشی پووچەل بی بدریتەوە بەسەر خاوەنیا « مـالی قەلب سەرەو خیوە » .

ئەم لیژنەیە پیکهینانی زور گران نی‌یە . کەمیك لە کەمتەرخەمی دوور کەوینەوە جی‌بەجی ئەبی . فەرموو بـا ماموستایان : ابراهیم احمد ، گوران دکتور صدیق ئەترووشی ، هەژار ، علاء الدین سجادی ، حسن قزلجی ، عبدالصمد خانەقا ، پاکیزە رفیق حلمی بینەمەیدان ، ئەوان ئەم ئەرکەیان بە ئاسانی پی ئەبینری ئەتوانن بارەگا یا لە نشینگەی یەکیتی‌ی بویژانیان لە یانەی سەرکەوتن بگرن .

بەلام هوی سەردەستەی زوری شیعر وتن لە کوردیدا ئەوەیە ، کە شیعر ، وتن و بلاوبوونەوەی ئاسانترە لە پەخشان . میللەتیکی ژیر دەست و ری لی گیراوی وەك کورد هەر شیعری بە دەستەوە مابوو بـو دەربرینی هەستی خوی . هەرچی بابەتی پەخشانە وا ئاسان نی یە ، چونکە پیویستی بەگەلیك شت هەیە وەك توانای نووسین و خویندنەوەو سەربەستی ی لە چاپ دان و بلاوکردنەوەو خویندنەوە . داگیرکەران و زورداران ریگای خویندن و نووسین و چاپ و بلاوکردنەوەیان پی ئەگیریت ، بەلام هەرگیز نـاتوانن ریگا لە بلاو بوونەوەی شیعر و وتنی بگرن . چونکە دەماو دەم و بە لە بەرکردن بلاو ئەبیتەوەو خویندەواری یشی زور ناویت . شیعر تاقانە هوی دەستی گەلی دواخراوو ری لی تەنراوی وەك کورد بووە بو دەربرینی هەست و ئاوات و بیزاری ی خوی بەرامبەر ژیان و گوزەرانی سەخت و زورداران و داگیرکەرانی ولات و رەنجەکەی .

ئەگەر هـات ریگا و دەرفەتی نووسین و چـاپ و خویندن هەبـوو ، زور پیویستە پەخشان پیش بخریت و بایەخی پی بدریت ؛ بە تایبەتی ، چیروك بە هەموو چەشنەکانیەوە . ئەمرو تاچیروك هەبی هەلکەوتووانی قەلەم هیندە روولە شیعر ناکەن ، لە ئەدەبی نەتەوە پیشکەوتووەکاندا .

## لاسایی مندالانە و ، نە گەنم و نە جو

ماموستا ئەم باسە وا بە ئاسانی نادریتە قەلەم . چونکە نموونەیەکی تـازە و پەسەندی زەوق و پیویستی ژیانی ئەم سەردەمە بە جاریك نـاکریت بەلاسایی و گالتەی مندالان . سەبریك و دووفووی ئەویست . وەك لەم بابەتەدا شتی پووچ هەن لە بابەتی کلاسیدا پووچتر زورترن . تەنـانەت لە بەرهەمی ئەو هەلکەوتووانەشدا کە نـاوت هینا بـوون . بە مەرجی ئەگەر بە ترازووی زەوقی ئەمرو بی یان کیشن . بەلام بە ربەی ئەمرو بەرهەمی چەرخی رابوردوو پیوانە کردن شتیکی راست نی یە .

هەر وەکو پیوانی بەرهەمی ئەمروش بە ربەی کون دروست نی‌یە . هەروەها تەرو وشك پیکەوە سووتاندن بیدادیی پی ئەلین

نازانم بوچ ئەم بابەتە تازەیەی هەلبەست بووە بە رمووزن لە هەندیك . هەندی کەس پیی ئەلین شیعری تازە . بەلام ناو نانی بە « تازە » شتیکی تەواو نی‌یە . چونکە ئەوەی ئەمرو کونە جاران تازە بووە و ئەوی ئەمرو تازەیە سبەی کون ئەبی . ناوی تازە فیرگەیەکمان بو دیاری ناکا . ئەوی راست ئەبی بووتری شیعری ئازاد « الشعر الحر » ، ئازاد لە قالبی کون ، نەك لە رەوت ، چونکە رەوت موسیقایە و شعیریش بی موسیقا نابی وەك ئەفەرموون .

مەبەست لە ئازادی ئەوەیە کە لە قالبی تەسکی بەیت ، واتە دووکەرتی وەك یەك بە پیوان و بەکیشان « دومیصرەع » رزگار بین . بەلام موسیقا « رەوت یا کیش » زور مەرجیکی پیویستەکە بەجی بینری ، بەلام لە سەر هەوایەکی نوی و تازە و ریك لە گەل زەوقی ئەمرودا . با ئاوازدانەرەکانیش ئاوازی بو بدوزنەوە ، کەس دەستی نەگرنوون ، ئەگەر ئاواز دانەرمان هەبن . ئەوە ئەرکی ئەوانە هی بویژ نی‌یە .

قالبی کون وای لەسەر بویژ دائەنا کە شیعریك لە دوو کەرت پیك بینی ، بە مەرجیك هەر کەرتەی لە ئەندازەی کەرتەکەی کە زیادو کەمی نەبی بە پیوان و بە کیشانە ، شت بەرامبەر شت ، تا بابەتی موستەزادیش پیوە ، بیجگە لەوەش ئەبوایە هەر شیعرە مانایەکی سەربەخوی تەواوی تیا بی . واتە پەیوەندی بە شیعری پیش و پاشی خویەوە نەبی بو مانا . بو نموونە لە هەر هەلبەستیکی کون لە هەر لایەکەوە شیعریك وەربگرین ئەتوانین بیخوینینەوە و مانایەکی بەتەواوی لی تی‌بگەین ، بی ئەوەی هەست بە پەیوەندی یەك بکەین کە هەیبی لە گەل شیعریکی پاشیدا یا پیشیدا . لەبەر ئەوەگەلیك جار شاعیرەکان تووشی تەنگ و چەلەمەبوون و نەیان توانیوە ئەو بیرە وردە جوان و ناسك و بەرزانە کە لە دل و میشکیانابووە بیخەنە قالبیکی وا تەسکەوە . بەلام فیرگەی هەلبەستی ئازاد ئەم کوسپەی لە ریگای

بیری بویژاندا تەخت کردووە . هەلبەستی ئازاد پارچە پارچەی لە یەك جیاواز نی‌یە ، بەلکو گیاندارێکی زیندووی پیکەوە بەستراوە . دەست و سەرو پی‌ی لە یەك ناکرینەوە بی ئەوەی گیانی تیا نەمرینریت . پیکەوە گیاندارێکی زیندوو شیرینە ، بە پارچە پارچەیی بی‌گیان و بی کەلکە . بە هەمووی سەر تا بە دامان وینەیەکی هونەری و جوان ئەبی بخاتە پیش چاوو خەیال . ئازاد لە کوتی پاش بەندو قالبی بەیت ، « دومیصرەع » . وە لە سەر ئارەزوویەکی شپرزە نە بووی شوین پاش بەندو قالبی بەیت ، بە رەوانی بیری وردو جوان لە واتەی گەش‌و رەوت خوش « موسیقادار » و دەمار بزویندا دارشتن ، پی‌ی ئەلین هونراوە و هەلبەستی ئازاد . ماموستای ئەم فیرگەیەش کوردنی‌یە . ئەمە فیرگەیەکی جیهانی‌یە و ئیمە لە بویژە عەرەبەکانی عیراقەوە پیمان گەیشتووە وەك عبدالوهاب بەیاتی‌و هاوری‌کانی . بەلام ئەگەر قرژالیش لاقی هەلبری و بلی منیش ئەسپی محەنەکەم ئایا ئەبی ئەسپی محەنەك بیبزری ؟ یا خەلکی بروای پی ئەکەن ؟ ئەگەر بیکەن تاوان تاوانی خەلکەکەیە نەك هی ئەسپ و قرژال .

لە فیرگەی کون و تازەدا پەسەندو ناپەسەند هاتووەتە مەیدان ، بەلام کەفەژیلکە ئەرواو گەوهەر ئەمینیتەوە . دەستووریکی سروشتی‌یەکە هەر تازەیەکیش بە ئاسانی جیگای خوی ناکاتەوە . ئەبی تەلبەندو شوورای کون برووخبنی تا شوینی خوی ئەکاتەوە . هەروەها ئەم شیوە تازەیەش تەقەلایەکی باشی لە پیشەوەیە تا ریگای خوی ئەکاتەوە بو گویچك و دلی نەوەی ئەم سەردەمەمان کە تا ئیستا گوشی هەلبەستی کلاسی‌یەو بەو راهاتووە . ئایا لەبەرشان و دلی کوردیکی لادی‌یی کەواو چوغەل لەبەر ئاسانە کتوپر چاکەت و پانتولی بکەیتە بەر ؟ بی‌گومان تا رادی و ئەبی بە رەوشت و عادەت لە ناویانا هەر زبرە بەگیانی . وە تا ئیستاش دیمەنی ئەفەندی بە ناهەموار دیتە بەر چاو لە لادیکاندا . بەلام لە شارستاندا بە پیچەوانەوەیە . ئەوە ناپەسەندی‌ی چاکەت و پانتول ناگەیەنی یا پەسەندی‌ی

کەواو عەبا و چوغەل . بێگومان لە پاشە ڕۆژێکی نزیکدا لادێیش بەرگی نوێی لای پەسندتر ئەبێ .

هەلبەستی تازە ، مەبەستم ئـازادە ، ئەبێ تابلۆیەکی شوخمان بخاتە پیش چاوو بیر لەو بابەتەی کە کراوە بە ئامانجی هەلبەستەکە . ئامانجەکەش ئەبێ یـا شاراوەیەکمان بو دەرخاو سووچێکمان بو ڕوون بکاتەوە ، یا تالییەکمان لێ بسەنیو خوشییەکمان پێ ببەخشێ . نەك هەر وشە ریز کردن و لاسایی و دووبارەکردنەوەی شتە وتراوەکان بێ . هەندیك شیعر هەن وەك ئاوەکەی قەشقەیان لێ هاتووە . قەشقە دێیەکە لە ناوچەی قادر کەرەم ، تەنیا حەوزێکیان هەیە بو ئاو . ئاوەکەش کزوکەمە لەبەر ئەوە کراوە بە ئەستیل . جا بووە بە مەثەل ، کە شتێك وتراوە بێ زور ، ئەلێن بووە بە ئاوەکەی قەشقە ، یەکێك لەولاوە تارەتی پێ ئەگرێ و یەکێکی کە لەم لاوە لە دەمێ وەر ئەدا ..

جـا لەبەر ئەوەی هەلبەستی ئـازاد ڕێگایەکی فراوانی لە پیش بویژەکاندا کردووەتەوە و ماوەی ئەوەی هەیە بەرەوانی بـیری بەرزووردو جوانی بویژی پێ دەربڕێ وە چاوەنوارێی بەرهەمیکی رەنگین و تـابلووی شیرینکارو دلگیری لێ ئەکرێ بو مروفایەتی ، بێ ئەوەی پاش بەندو قالبی « بەیت » ی شێوەی کون ، ڕێگابگرێ و بێ بەکوسپ ، لە ماموستا هەژارو هاو بافانی ئەخوازم وردتر سەرنجی خویان بدەنە ئەم بابەتە تازەیە ، وە هونەر بازیی خویانی تیدا بەکار بینن . گومانم نییە لە ئەنجامدا سامانێکی نایـاب و بایەخدارمان دەسگیر ئەبێ بو ئەدەبەکەمان . وە لە « رەتابەت » ی قالبی کون وە ئاوازی کون رزگار ئەبین ، واتە ئاواز ئەگورین و پیشی ئەخەین لە سەر بناخەیەکی خومانەو تـازە . وا بزانم هەموو ئەزانین کە هەلبەستی کلاسی هەریەك هەوا ئەروا لە گورانیدا . شیعریك و هـەزار شیعری هەلبەستیك یەك ئاوازی وتراوەی لێ دەردێ . هەر وەك موسیقاو گورانییەکانمان

زور پیویستیان بەگورین و دەس لیدانە تـا لە گەل زەوقی تازەو سەردەمدا بگونجین، قالبی هونراوەو هەلبەستەکانیشمان پیویستیان بە گوران هەیە .

لەبەر ئەمانە من وا ئەزانم کەمتەرخەمی کردن لە لیکولینەوەی ئەم فیرگە تازەیەو گوی پی نەدانی زیانی هەیە بومـان .

پیش ئەوەی بگەمە پایانی سەرنجەکەم ، ئەمەوی بی سیەو دووبلیم : ئەگەر گەلی کـورد بەرەو ژیانەوەو پیشکەوتن بروا ئەوا ئەدەبەکەشی لە پیشکەوتندایە . وە ئەگەر بەرەو مردن و سەرەو ژیر بروا وا بیگومان ئەدەبەکەشی سەربەرەوژیر دەروا ، خو دیـارە کام ریگاشی لەبەرە . . .

---

# یـانەی سەرکەوتنی کوردان

## داوای وەستاندنی موحاکەمەکردنی نـادەستووری‌یـانەی کوردەکانی تورکیا ئەکات

موحاکەمە کردنی نیشتمان پەروەرە کوردەکانی تورکیا ، بە هوی نەتەوە پەروەریتی و دەستگرتنیانەوە بە ماف و یاسای نەتەوەکەیانەوە ، بە پی لی هەلبرینیکی ئاشکراو پشت تی کردن ئەژمیری لە مـافەکانی ئادەمیزاد و یەکیەتی‌ی نیشتمانی لە تورکیا دا .

ئیمە داوای وەستاندنی ئەو موحاکەمە نا دەستووری‌یانە ئەکەین ، وە داوا ئەکەین ئەو کوردانە بەرەللا بکرین .

لە جیاتی‌ی دەستەی بەریوەبەری یانەی سەرکەوتنی کوردان

دوکتور صدیق ئەتروشی

# دوو تیپی بە وینە ، ( نەك بی وینە )

نووسینی : معروف خزنەدار
لینینگراد : ئەکادیمیەی زانستی سوفیەت

ماموستا طاهر صادق ، لە ژمـارە ( ۳۱ )ی هیـوا تیبینی‌یێکی زمانەوانی‌ی خستبوە پیش چاو ، کە گوایە وشەی کیو ' کویر ، کی ، کیرد ، هەرکی ، کیژ ، کیل ، کیش ' کویخا ' کیسەل ، تیپەکانی ( ك ) دەنگیکی تایبەتی‌یە لەو ( ك )ە ناکا کە لە وشەی ترا بە کار ئەهینری . هەروەها وشەی گیا ، گیان ، گیو ، گویرە ' گیژ ' رەنگین ، مینگوین ' هەنگوین ، گویز ، گیپە ' گیل ' گیلاس ' تیپەکـانی ( گ ) دەنگیکی تایبەتی‌یە لەو ( گ ) ە ناکا کە لە وشەکانی‌ترا بەکار ئەهینری .

من لە سەر ئەو باوەرەم کە ئەم دوو تیپە ( ك ) ، ( گ ) دەنگی تـایبەتی نین ، بەلکو یەکەمیان هەر ئەو ( ك ) ەیە کە لە هەموو وشەییك دا بە کار ئەهینری ، وە دووەمیشیان هەر ئەو ( گ ) ەیە کە لە هەموو وشەییك دا بەکار ئەهینری ' بەلام راستە ئەگەر ئەم دوو تیپە کەوتنە پیش هەندی تیپی ـی دەنگ دەنگەکانیان ئەگوری ، نووسەر لە وتارەکەدا خوشی لە سەر ئەو باوەرەیە ، ئەمەش رووداویکی فونوتیکی‌یە لە هەمـــوو زمانەکانی دنیـادا هەیە ، جـا ئەوان ئەم تیپانەیـان جیانەکردووەتەوە ، چونکە کە وتمان فونوتیك مانای ئەوەیە نەتەوەی ئەم زمـانە بە پی‌ی فونوتیکی زمانەکەی دەنگە کە لە دەمی دیتە دەرەوە . لە زمانی عەرەبی‌دا

وشەی ( المصدر ) هەیە ، ئەگەر تەماشای دەنگی (ص) بکەین لە قسەکردن دا وەکو ( المزدر ) یـا خود ( المظدر ) ئەخویندریتەوە ، بەلام عەرەب هەر بە (ص) ئەینووسی ، لەبەر ئەوە پیویست ناکا هیچ حەوتیك بخریتە سەر (ك) و (گ) ، وە پیویست بەوەش نـاکا ( هیــوا ) هەولی ئەوە بدا بـو دروست کردنی تیپی (ك) و (گ) ی حەوت دار .

## دوو جەژنە پیروزە بو ( هیــوا )

## لە ئەکادیمیەی گەلانی ئـاسیاوە لە لینــین گراد

مبارك و پـیروز بی عیدا وی · پـیروز گوفاری عزیز . بی دل وی حەمیارا سان ساغویی و قەوەتی دخوازم بو وي کارا ئیروین کوو هوون . ددن نیتوایی کورد . بژی هیــوا .

ئوردوو خان جلیل

هیــوای خوشەویست !

بەهــوی جەژنی نەوروزو جەژنی رەمەزان ، پــیروزبـایی جەژنت لی ئەکەم ، لە توو لە سەرنووسەرت ، لە دەستەي نووسەرانت ، لە چـاپخانەکەت ، لە دەست و پەنجەی کریکارە بلیمەتەکانت کە تیپەکانت ئەچنن ، نەوروزت لی پیروز بی ، لە هەموو گەلی کورد لە پیری روشن ، لە کردەوەی چاك .

دیسانەوە جەژنت پیروز بی .

دوستت : معروف خزنەدار

# نەوروزی ٦١

گوران

وەنەوشەی بن درك خزاو
چاوی رەشی کردەوە ، دی ،
نیرگسە جار بە هەزار چاو
پیئەکەنی : زەرد و سپی !

نیرگسی بەر هەتاوی گەرم
مژدەی پی بوو بو وەنەوشە ،
وتی : خوشکی ،
خوشکی جوانی چاو پر لە شەرم ،
خر داخراو دەرگای حەوشە ،
فرمیسك لە چاوت بو ئەتکی ؟ . . .

وا ، بەهارە . .
لە سەر لووتکەی سپی دیارە
ورشە و پرشەی یاقووتی ئال ،
گری جەژنی سەرەتای سال ! . . .

وەنەوشەی چـاو رەشی شەرمن
دەستی کرد بە بەستە وتن !
بێ سل کردن
لە نووکی خەنجەری دوژمن ،
خوی هـاویشتە بـاوەش چەپك . . .

گولی وەنەوشەی نـاو درك
کە گەیشتە دەستی تـاسەم ،
پر لە بونی بوو هەناسەم ؛
عەتری چپەی تکاندە گویم ،
مژدەی : « هـات . . نەوروز ! »ی داپیم . .

☼ ☼ ☼

ئەی ئەو جەژنەی هاتیت و ، چوو
لە دەم ، تـالی پـاری مردوو !
ئەی ئەو جەژنەی هەزاران سـال
لە رابوردووی کوردی زور تـال ،
تـاقە بزەی یـادگاریان
هەر تو بووی : جەژن و بەهاریان ! . . .

لە خەمی کون ، ئـازاری کون ،
زووخاوی دەست زورداری کون ،
یەك سـالی تر دوورت خستین ؛
لەو لاشەوە ، جەژنی شیرین ،

به هـاتنت یەك سالی دەق
کاروان پیش کەوت : بەرەو شەبەق !

واتـا : ریگا ببرین بە دەو ،
سالیك زووتر دوایی دی شەو ؛
ئەو شەوەی مەشخەلی گەلان ،
ئاگری بەر ئەدا لە گیان
لە هەر چوار لای جیهانەوە ،
تـا بە دەم بـای سووتانەوە ،
توزی لە رووی پەرەی میژوو
ئەنیشی وەك خاکەی ریژوو ! . . .

ئەوسا ، نەوروز ،
جەژنی پـــیروز !
درك ئەرزی و داخی دلی ،
ئەبی بە بوگەن بو گلی !
تویش ئاهەنگی بەهارەکەت
نەخشی لووتکەو نزارەکەت ،
لە بـاغچەی گولی گەلانـا
گولیك ئەبی لە مەیدانا . . .

هەر مروفی دی و بونی کرد
ئەلی : بژی ، نەوروزی کورد ! . . .

# له گوشەی ئەدەب

كويه : عبدالخالق علاء الدين

زمان زان و روشن بیرەكانی كورد باش ئەزانن هوی دواكەوتنی زمان و یەك نەبوونی شیوە و زاراوەكانی هەموو ناوچە بە زور لیك دابراوەكانی كوردوستان چی‌یە . . گومان لەوەدا نی‌یە كە لە هەموو هویەكان گرنگتر یەك نەبوونی كوردوستان و دانەمەزراویی حكوومەتیكی تایبەتی‌ی سەربەخوی كوردە ، تا ئەرك و رەنجی پیش‌خستن و گەشە پیدانی ئەدەب و زمانەكەمان بگریتە ئەستوی خوی ، وە دوا بە دوای ئەوانەشەوە نەبوونی ئەنجومەنیكی زمانەوانی ( مجمع لغوی ) یە .

بو ئەوەی لە مەبەس دوور نەكەومەوە نایەمە سەر باسی لی دوان و لی كولینەوەی هوی نەبوونی ئەو شتانەی باسمان كرد . لیرە دا ئەمەوی نەختی لە بابەت نووسین و بە كار هاتوویی هەندی وشەی نابەجی‌وە بدویم كە لە شوین و جیگای خویاندا بەكار نەهاتوون ، وە هەندی لە نووسەرانی بەریز ئەیانەوی بە زور بی‌یان سەپینن بە سەر خوینەوارانا ، ئەوەش لە چی‌یەوە هاتوە . . ؟ نووسەریك ئەبینین دانیشتووی شاری سلیمانی یا كویە یا شوینیكی‌تری كوردوستانە . تومەز زور شارەزای شیوە و زمانی ناوچە جیاوازەكانی‌تر نی‌یە ، جا لە كاتی وەرگیرانی باسیك لە زمانی بیگانەوە بو زمانی كوردی تووشی هەندی وشە دەبیت كە نەی‌بیستووە یا خود بەكوردی نایزانی ، جا هەلدەستی بە ئارەزووی خوی بی ئەوەی خوی ماندوو بكا یان پرس بە زمان زانیكی دانیشتووی شارەكەی بكا لە خویەوە وشەیەكی كوردی ـ ئەگەر بەو مانایەش نەیبیسترابی ـ دادەنی ، ئیتر سەر لە خوینەوار

دەشیوی کە ئەبینی لە جیگایەکی‌تردا وشەیەکی‌تر نووسراوە ، بەم جورە توشی پاشاگەردانی‌ی زمانمان ئەکات .

مەسەلا وشەی ( پالاوتن ) بەرامبەر وشەی ( ترشیح ) ی عارەبی بو پالاوتنی شتی شل وە بو پایەو نوینەری پەرلەمانیش بەکاری دەهینن ، ئەوەش بەلای منەوە راست نی‌یە ، چونکو وشەی پالاوتن لە کوردی‌یا تەنیا بو شتی شل بە کار دی کە دەلی‌ی « شیرەکەی بپالیوە » واتە پـاکی بکەرەوە لەو توزو گەردو پووشکەو مووەی کە لە لارا تیکەلاوی بووە ، ئەوەش بە هوی پارچە بـووزیك دەکری . تەنانەت لە کوردی‌یا وشەیەکی‌تریش هەیە کە بو شتی شل بەکار دی بەلام جیـاوازە ئەویش وشەی « پارزنین »ە ، مەسەلا : دەلی‌ی « سماقەکەی پـارزنی » واتە تلپەکەی لە ئاوەکە جیاکردەوە ، یا دەلی‌ی « ئاوی تەماتەکە بپارزنە » یانی تلپ و ئـاوەکەی لیك جودا بکەوە ، ئەوەش بە هوی هیلەگەوە دەکری .

رەنگە هەندی لە خوینەوەاران بلین خو لە عارەبی‌یشدا بە هەر دوو مانـا بە کار هاتووە ، چی تیدا بەستەیە بو ئیمەش بەکاری نەیەنین ؟ ئیمەش لە وەلامـا دەلیین هەر زمانە ریزمان‌و شیوەو زاراوەی تایبەتی‌ی خوی هەیە کە لە ناوجەرگەی نەتەوە تایبەتی‌یەکەی خوی هەلقولیوە ، کەوا بوو بو چاو لە زمانی عارەبی بکەین ، چ پەیوەندی و پیك چوونیکیان لە نیواندا هەیە . . ؟ ئاخو لە هەموو زمانەکانی‌تردا ئەو وشەیە بە هەر دوو مانای باسمان کرد بەکار دی . . ؟ بی‌گومان نەء بـا دوور نە روین لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Percolation) بو پالاوتنی شتی شل بەکار دی وە وشەی (Nomination) بو خو دانان بو نوینەری پەرلەمان دەوتری . .

جا من لە سەر ئەو بروایەم کە زمانی کوردی‌یش دەولەمەندە دەتواندری وشەیەکی تایبەتی وەك ئینگلیزی بو نوینەری پەرلەمان دابندری کە لیك جیا بکریتەوە لەگەل وشەی پالاوتن .

یا خود وشەی ( پاشکو ) کە لە جیاتی‌ی ( ملحق ) ی عارەبی بە کاریـان

هیناوە ، ئەوەش وا بزانم لە جیی خوی نییە چونکە پاشکو بەو شتومەکەی دەلین کە لە پشت سواریك دابندری جا ئەو شتومەکە چ لە ناو خورجیك بندری چ پیچرابی و لە پشت ولاغەکەی قایم کرابی ، جا بویە هەر کە گویمان لەم وشەیە دەبی ولاغیکمان دیتە بەرچاو هەندی شتومەکی لە پشتەوە داندرابی. تەنانەت لە عەرەبیشا وشەیەکی تایبەتییان بو هیناوە کە جیایە لەگەل وشەی (ملحق) ..

کەچی بەشیك لە قوتابخانەی قادریەی کویە لە بەر تەنگی و جیگا نەبوونی گواستیتیانەوە خانوویەکیتر و ناویان ناوە « پاشکوی مەکتەبی قادریە » جا بەگویرەی ئەمە یەکیك لیت بپرسی لەکوی بوویت ، ئەبی بلیی « لە پاشکو بووم » جا تو خوا کوردیك ئەگەر نەخویندەوار بی وە بگرە با خویندەواریش بی چ تی دەگا لەم قسەیە وە ئاخو سەری سور نامینی ، یا خود پیکەنینی بە زمانەکەی نایە ؟ . .

لە هەمووی باشتر ئەگەر بمانەوی وشەی کوردیی پەتیی راستمان دەس کەوی ئەبی بگەریین لە ناو جەرگەی دانیشتووانی شار و لادیی کوردەواریی خوماندا بە تایبەتی پیاوە پیرەکانی لادی بدوینین ، دەبینین هەر وشەیەکی لە زار دیتە دەر کوردییەکی پەتیی ساغە . ئیتر بو ئەوەی لەو هەلەو تەنگ و چەلەمانەی کە دیتە پیشمان دەرباز بین پیویستە :

١ ـ هەموو لایەك دەنگمان بکەینە یەك و بەگەرمی داوا لە کار بەدەستان بکەین کە ئەنجومەنیکی زمانیمان بو پیك بینن و ئەدیب و شارەزاکانی زمانی کوردی تیدا بینە ئەندام و ئەم کارە گرنگ و بەرزو پیروزەمان بخاتە ئەستوی . .

٢ ـ تکا لە گوفارەکانی کوردی بکەین کە هەر جارە چەند لاپەرەیەکیان تەرخان بکەن بو لیکولینەوە و ساغ کردنەوەی ئەو وشانەی کە لە جیی خویاندا بەکار نەهاتوون و پیش نیاری خویندەواران بخەنە بەر چاو ، وە بیرورای ئەدیب و زمان زانەکان بلاو بکەنەوە .

ئیتر چاوەروانی هیممەتی دلسوزانەی هەموو لایەکین .

## پیشنیاریکی تری زمانەوانی :

### روژ ژمیر ، یان ، روژمیر

کەرکووك : طاهر صادق

● روژژمیر کە مانای ( تەقویم )ە لە دوو وشە پیك هاتووە : ( روژ ) وە ( ژمیر ) کە بریتین لە حەوت پیت ، وشەی روژ دوایی هاتووە بە پیتی (ژ) ، ژمیرش یەکەم پیتی (ژ) یە ، هەر دوو پیتی (ژ) بی دەنگن و گەیشتوونەوە یەك ، لەسەر زمانا هاویژیان لەنگ و گرانە ، وە لە نووسینیشا جوان نین لەبەر ئەمە ئەبیت یەك لەم دوو (ژ)یە بروات و ببیتە روژمیر .

● هەر وەکو وشەی ( ئاوینە )ش لە دوو وشە پیك هاتووە ( ئاو ) وە ( وینە ) یەك لەم دوو ( واو ) بی دەنگانە ون بووە ، وەیەك ( واو ) ماوەتەوە بووە بە وشەی ئاوینە .

● وشەی قژن ( سەرقژن ) هەر بەم جورەیە ( قژ ) وە ( ژن ) یەك لەم دوو (ژ) یە فری‌دراوە بووەتە قژن . قژ مانای پرچە .

● زور وشەی تریش هەیە لە کوردی دا بو خوش هاویژی و سووکی لە سەر زمانا هیندی پیتی پەریوە وەك : نیوەرو ( نیوە روژ ) ، جوامیر ( جوان میرد ) ، ماموستا ( مام وەستا ) ، بوگەنی ( بون گەنی ) ، کانەبی ( کاك نەبی ) ، کامەلا ( کاك مەلا ) ، باگردان ( بانگیردان ) ، نەمر ( نەمرد ) ، خوا ( خودا ) ، گرگوران ( گردگوران ) ، دەسکار ( دەست کار ) گاسن ( گائاسن ) ، کانیسکان ( کانی ئاسکان ) ، زیاتر ( زیادتر ) .

● جگە لەمانەش هەر وشەیەك كە دوایی هاتبی بە پیتی ( ت ) ئەگەر هـات بـو ( جمعی مخاطب ) بەكار هات دوو ( ت ) ئەگاتەوە یەك ، پیویستە (ت) یەكیان بخوریت وەك : خشتان ( خشت‌تان ) بری، خوشەویستان ( خوشەویست‌تان ) هات ، دەستان ( دەست‌تان ) لە كار بەردا ، گشتان (گشت‌تان) لە گەل یەك ریك بن ، پشتان ( پشت‌تان ) بە یەكتر بەهیز كەن ، كەی دوستان ( دوست‌تان ) ئەناسن ، هەستان ( هەست‌تان ) بەخشپەی ماركرد .

## لیژنەی گوفـاری [ هیـــوا ]

دەستەی بەریوەبەری یانە لە كوبوونەوەی روژی ١٩٦١/٢/١٧ یدا بریـاری دا لیژنەی دەركردنی گوفاری ( هیـــوا ) لەم زاتانەی خوارەوە پیك بیت :

ماموستا علاء الدین سجادی

خوشكە نـاهیدە سەلام

ماموستا مكرم تـالەبانی

كاك عبدالرزاق محمـــد

كاكە مـــەم

## گەورەیەك . . .

گەورەیەك نەبی بو مـن سیبەری

بو خـوم بگیرم لە دەوری سەری

یادی کوچی شاعیر

# شیخ سەلامی نەمر

« کاکە مەم »

لە مانگی مارتدا ، یادی دوو سال بە سەر کوچی شاعیریکی کوردا تی پەری . هیواش ، وەك هەموو خوشکەکانی تری ، وە بە پی ی ئامانجی خـــوی بە پیویستی ئەزانیت کە لە یادکردنەوەی دوا نەکەویت ، بویە وا لە یادی ئەم شاعیرە نەمرەماندا ئەم چەند دیرە بلاو ئەکانەوە :

## میژووی ژیانی لە چەند دیریکدا :

لە سالی ١٨٩٢ ی زاینی لە عازەبان ـ کە ئەکەویتە نـاوچەی وارمـاوە لە قەزای هەلەبجە ـ هاتووەتە دنیاوە ، لە خیزانیکی پایەداری ئیسلامی کە سـاداتی عازەبانە . لە ماوەی ژیانیا ، گەلی جـــور کاری کردووە ، بەگەلی تاقی کردنەوەی ژیاندا تی پەریوە ـ وەك هەموو کوردیکی ناو ئەم کوردستانە ـ سەرەرای ئەو هەموو تەنگ و چەلەمانەی کە لە ماوەی ژیانیدا توشی بووە .

فیربوونی زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی کاریکی پیویست بووە ، بو ئەم دەورەیەی کە کوردستانی تیا تی پەریوە ، لەبەر ئەوە توانیویەتی قسەی پی بکا و بە فارسیش هەلبەست بلی ، سەرەرای هەلبەست دانانی بە کوردی .

لە زستاندا ، لە کاتیکدا کوردستان بەرگی سپی ی پوشیبوو ، شیخ سەلامی نەمر ، دوا چاوی بەکوردستاندا گیراو ، گیانی پاکی بە گل سپارد ، وە سەرەرای

ئەوەی لە ژیانی‌دا ، لایەکی نامەخانەی کوردی بو خوی گرت ، هەروەها بە مردنیشی بوشایی‌یەکی لە شاعیرانمانا بەجی هیشت ، بو ئەو رولانەی کەوا ژیانیان تەرخان ئەکەن بو خزمەتی کوردو و پیش خستنی هەلبەستی .

ماموستامان لە ( دولان ) لە ۳ ی مـارتی ۱۹۵۹ دا کوچی دوایی‌کرد ، وە خرایە لیستەی بویژانی نەمری کوردستانمان .

## هەلبەستەکانی :

وەکو وتمان کوردستان بە دەوریکی گرنگی تـایبەتی دا تی‌ئەپەری ، بویە لە هەلبەستەکانی‌دا « بیرو باوەری زال بووە بەسەر خەیالیا » بە تایبەتی لە هەلبەستە نیشتمانی‌یەکانی‌دا . بەلام ماموستامان هەر تەنیا خاوەنی هەلبەستی نیشتمانی نی‌یە ، بەلکو گەلی جـار هەلبەستی دلداری‌ی لەسەر کاغەز نەخشاندووە و لە ولیەوە هەلی‌رشتووەتەسەرقەلەم . کە ئەتوانین بلیین لە « قالبیکی دلداری » جوان داریژراوە ، کە لە گەل خایالدا تیکەل کراوە .

وە لەبەر ئەوەی کە لە خیزانیکی ئایینی بووە ، گەلی جار هەلبەستی ذاتی و ئایینیشی وتووە . کەوابو ئەتوانین بلیین ماموستای نەمرمان شیخ سەلام شاعیریکی « نیشتمانی ، دلداری ، ئایینی » بووە …

بە بونەی تیپەر بوونی دوو سال بەسەر کوچی ئـەم شاعیرە نەمرەمان دا ، وا ئەم هەلبەستە نیشتمانی‌یەی بلاو ئەکەینەوە :

### کەی کورد ئەجوولی

وەکو قەومی تر کەی کـورد راپەری ؟

لە حقووق هەلچی ، لە تەماع گــەری ؟

دەروونی بە کـول بو کـورد بجوشی

خوی فیــدا بکا ، وەتەن نەفروشـــی

بگـری ، بڕژی ، فرمیسکی خوێنـین
هەتاکو وەتـەن دیتـە پێکەنین

☆ ☆ ☆

نەمیـنی ، بمری هەمـوو پیاوی پـیر
نەك بو ئـەم و ئـەو ببن بـە گزیر
لە جـێی ئەمانە نیشتمانی کورد
بـە بەرهەم بیـنی منالانی کورد
وەك فەرەنسە بـو [ ئەلزاس و لـورەن ]
کورد وەهـا یـادی کوردستان بکەن

☆ ☆ ☆

خەریتەی هەمـوو خاکی کوردستان
دایك بـە دەرزی و دەزو و درووممان
بنووسـی لە سەر ، سەر بیشکەی منال
هـەر بە کوردستان بیتە گر و گال
لە بیشکەی وادا چـاو هەل نەهیـنی
درویـە هەلسی تـولە بسیـنی !


دیناریك و صەد فلس بنـیرە
ژمارەکانی سالی یەك و دووی [ هیـوا ] وەرگرە




# شەهیـــدانی قەلای دمدم

نووسینی : عبدالرزاق محمد

ئەگەر جوولانەوەی چیروك نووسی‌ی هونەری‌ی کوردی ، لە پیش چەند سالیکی کەم دا کەوتبیتە ناوەوە و گری پی کەوتبی ، بی‌گومان مصطفی صالح کریم یەکیکە لەو نووسەرە گەنجانەی ئەم جوولانەوەیان جوش پیداوە و بەلکو پەیدایان کردووە ، ئیتر هەر نووسەری ئەگەر بی‌یەوی میژووی چیروکی کوردی و نووسەرانی باس بکات ، بی‌گومان لە تەك ناوی ماموستایان ابراهیم احمد و محرم و محمد مەم و ع . میدیا و معروف بەرزنجی و چەند نووسەریکی‌ترا ناوی ماموستا مصطفی‌ش هەر باس ئەکات ، وەك بلی‌ی دروشمیکە بو ئـەم هونەرە لەم سالانەی دواییدا . رەنگ بی هوی ئەمەش ئەوەبی ، مـاموستا چـیروك نووسەکانی‌تر هەر یەکە لقیـکـی‌تری ئەدەبیشیان لە دەسدایەو یان لە کوریکی‌تری نووسینا کار ئەکەن و ئەمەندە دەربەست بە لقە داری چیروك نین ، هی‌وایان هەیە بیجگە لە چیروك نووسی بە شاعیر ناسراوە ، هی‌تریان بە وتار نووسی سیاسی و ئەدەبی و شتی ترەوە ناسراون ، واتا هونەرەکەیان [ تـایبەتی ] نەکردووە بو چیروك نووسین و بەس ، وە مصطفی‌ش لە یەکەم هەلا هەر بە دەسمایەی چیروکەوە وا بزانم هاتووەتە مەیدانی نووسین .

ئەمە ئەلیم لە کاتیکدا ، نابی ئەوە لە بیر بکەین کە [ مصطفی ] لە نووسینی وتاری کومەلایەتی دا ، هونەرمەندی یەکی ئاشکرای نواندووە و بەرهەمیکی باشی لی وە چنگ هیناوە ؛ کە ئەم وتارانە [ بە تایبەتی گوشە تایبەتی یەکەی لە روژنامەی ژین دا ] بەلای منەوە هەندیکیان لە چیروك بە هیزترن وە بایەخی شارەزایی روژنامە گەریەتی لە کوردەواری دا نیشان ئەدەن .

کومەلە چیروکی « شەهیدانی قەلای دمدم » کە بەرهەمی پینووسی کاك مصطفی یە . زور بە رووت و روو بەرزی یەوە شوینی شیاوی خوی لە نامەخانەی تازە ئاوەدانی کوردی یا ئەگریتەوە و ئەبیتە مزگینی بو بەرهەمی گەلی باشترو رەنگین تر لە دوا روژا . . . کەوابی ئەم کومەلە چیروکە رەوانی یە هەر سەربەخوو بی هەست و خوست ، بە ناومانا رەت بیت و بچیتە شوینی خویەوە ، بە پیویستم زانی چ نەبی بە ری ی بکەم ، وە بەری کردنی منیش حەز ناکەم هەر هەلنان بیت .. بەلکو ئەمەوی سەرنج دان و رەخنە لی گرتن و خەوش دیاری کردنیش بیت لە تەك پیدانی هەقی شیاوی خوی .

## شیوەی نووسین ( اسلوب ) :

ئەگەر هەر نووسەریکی راست ، پیویست بی شیوەی نووسینی شەقل لی دراوی خوی هەبیت و ئەم شیوەیەش بە گیروگرفت و دەسکاری یەوە لە بەهرەیەکی روون و زیرەکی و پیشەداری یەتیکی راستەوە هەلقولابیت ... خوینەرەوەی ئەم کومەلە چیروکەش هەست بە جورە شیوەیەك ئەکات لە نووسینا ، کە تا پلەیەکی بەرز تایبەتی یە بە نووسەر و پی ی ئەناسریتەوە . . .

ئەم ئوسلووبە زور سەیرە . . سەیرە کە لەوە دایە بەبی زور گوتن و هەل رشتنی وەصف و دەربرینی پر لە وشەی ئاوەزدار . . وە بەبی نووسینیکی رازاوە ، وە زور بە ساکاریتی یەوە گیانی پیاو بەرە بەرە راکیش ئەکات ، کاتی بە خوت ئەزانیت وا

له ناو مەیدانی رووداوی چیروکە کە دایت و دەروونت ئەکەویتە بەرکار تی کردنی هەستی نووسەر . بە جوریك ئەگەر نووسەر بی‌یەوی هەندی جـار چەند تەعبیریکی بەلاغی یـا بلیین رازاوە بینی ، گورج پیوەی دیـارە و ئەزانیت کە لەم ریچکەیەی گرتوویەتی ئەیەوی دەرچی ...

ئەوەی ئیمرو لە چیروکی کوردی‌یا لە بابەت شیوەی نووسینەوە دیار بیت چەند ریگـایەکە : هەندی لە نووسەران هەول ئەدەن لە سەر راویژی چـــیروك گیرانەوەی نـاو گەل بە وشە و وەصفی ئـاوا کـە تـام و چیژی کوردەواری لە چیروکەکانیانا بپاریزریت ، زور و کەم خویان لە ئوسلووبی نووسینی چیروکی بیگانە هەل نەسوون . . بو ئەمە ئەتوانین [ هەمیشە بەهار ] ی ماموستا علاءالدین سجادی و چیروکەکانی حسن قزلجی و شاکر فتاح بکەین بە وینە . . بەشیکی کەیان هەر چەند شیوەی نووسینی کوردەواری ئەپـاریزن بەلام نیشانەی هونەری‌ی چیروکی بیگانە بە هـــوی زانستی‌و خویندەواری‌یانەوە ، لە چیروکەکانیاندا دیار ئەبی ، وە هەول ئەدەن نیوانی هەر دوو لا نزیك بکەنەوە ، ئەمە زورتر لە چیروکەکانی ماموستایان ابراهیم احمد و محمد مەم و ع . میدیا و یەك دوو چیروکەکەی حسین عـارف دا دیار ئەکەوی . . هونەرمەندانی ئەم دەستەی دوایی‌یە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیان لە ئوسلووبا بەوە بەندە کە ئایا تا چەند ئەتوانن هەر بە خویانـا راپەرموون و لە روی بەهرە و داهینانەوە چیروك بنووسن . . بەلام ئەم چیروك نووسانەی هـــەر راستەوخو لە ئەنجـامی خویندنەوە و خو هەلسوون لە چیروکی بیگانەوە ، دەست ئەکەن بە نووسینەوەی هەندی رووداو ، بی‌گومان شیوە نووسینیکی تایبەتی‌یان نابیت بەلکو وەکوو نووسینەکانیان تەرجەمە بیت ئاوایە . . ئینجا پیاو هەر کە دەس ئەکا بە خویندنەوەی چیروکەکانی کاك مصطفی ، پیش هەموو شتیك لە شیوەی ناسکی نووسینەکەی [ ئەگەر بە ناسکی نـاو ببەین ] چیژیکی وا وەرئەگری ، کە رووت تەعبیر لە پینووسی کابرایەکی هونەرمەند ئەداتەوە کە ئاگاداری چیروکی بیگانە بی و

بی‌ئەوەی ئەم هونەرەش لە کوردی دا بچەسپێنی ، هەر چەندە لە چەند کەلە بەریکی تەنگا ئەگەر نەختێ وینەی ئوسلووبی بیگانەش دیار بیت ، زور کەمە ، وە هەرگیز ئەوە ناگەیەنی کە رەپا و رەپ وەرگیران وە یا خواستنەوەی ئوسلووبی بیگانەیە .

## چەند سەرنجێك

ئەگەرچی لیرە دا ناتوانین زور ورد بە سەر راویژی چیروکەکان دا بچینەوە و خەوشی جیا بکەینەوە بە تەواوی ، بەلام ئەوەی سەرنجی راکیشا چەند تەعبیریکە کە زور دوو پاتی ئەکانەوە وەکو : « چاوەکانی فرمیسکی قەوی قەوی‌یان پیا ئەهاتە خواری - ل ٢٨ » وە « فرمیسکی قەوی قەوی‌یان هەل ئەرشت وەك بارانی بەهار - ل ٢٨ » وە « فرمیسك بە چاوما وەك بارانی بەهار ئەهاتە خواری - ل ٩٦ » وە « وەك پلووسك فرمیسك بە چاوە رەشەکانیا هاتنە خواری - ل ٤٠ » بەتایبەتی وشەی ( قەوی قەوی ) زور دەنگیکی نالەبارو پەست کەری هەیە .

وە یا باوکیك ئەگەر باسی دووکچە عازەبەکەی خوی بکات وەکو لە لاپەرە ٥٢ لە چیروکی ( دەستم دامینت کلیلە بور ) دا بەم گویرە وشە ناهونیتەوە بلی : « یەکیکیان گەنم رەنگیکە چاورەش ، ئەویتریان سپیلکەیە کە چاوگەش ، گەردن بەرز » .

وە هەروەها لە لاپەرە ٨٢ دا کاتی کە شەری قەلای دمدم وەستینرا ، سەردار وەلامی بو مەلا ئەحمەدی بادینانی نارد کە « ئەرکی هاتن نەکیشی وا جەنگ [ بەرپا ] بوو ، وە ئاشتی کەوتە بەینەوە » لیرەدا ناکوکی هەیە لە نیوان شەر وەستان و ئاشتی لەگەل شەر هەلگیرسان و بەرپا بوون ... وا دیارە وشەی [ بەرپا ]ی بە هەلە لە شوینی [ دامرکانەوە ] بەکار هیناوە .

وە هەر لەم رووەوە حەز ئەکەم بە بن گوی ی ماموستا دا بچرپینم کە هەرگیز راست نی یە وشەی بنەرەتی و رەوان لەبەر خاتری جوری قسە پی کردنی ناوچەیەک کلک و گوی بکریت و بشیویت وەکو لە جیاتی ی چەنین ، چەنگ ، وە توند ، تونگ وە ئەفەندی ، ئەفەنی ... تاد . . بەکار بهینرێ .

## بابەتی چیروکەکان

ئەم بابەتانەی لە سەری نووسیوە . هەمووی یا کارەساتیکی ناوگەلات بو ئەگیریتەوە یا دەردیکی کومەلایەتیت بو ئەخاتە روو ، وە هەر لە ناو دیرەکانیشەوە چارەیشی دیار ئەکات ، وە یا هەستیکی نەتەوایەتی ی پاکت بو دەرئەبرێ . وە یا نیشتمان پەروەریتی و کول نەدانی رولە دلسوزەکانی کوردت بو وینە ئەکیشی . .

ئینسانی ئەم چیروکانە چ ماموستای قوتابخانەی [ فرمیسکی پەشیمانی ] یا زیرین و باجی هەمینی [ بریا نەهاتیتایەوە ] و مام سلیمانی [ چەندم لی ئەستینی ] و پرشنگ و کورە دلدارەکەی [ چون لە بیرم بچیتەوە ] و سمایلە فەندی ی [ بەرگری میللی ] و هەموو کەسانی تری چیروکەکان : مروفی پاکن ، لەگەل پاکی یاندا ئەگەر تووشی هەلەش هاتبن ، هەر دل پاک و ساکارن . وە هەموویان بە جوولە و ئیشکەرن لە مەیدانی ئیجابیەت دا . . حەز لە چاکەکاری ئەکەن ، بە رادەیەک ئەترسم بووبن بە نموونەی چاکان ، واتا نووسەر هەر هەولی ئەوەی دابی مروفی میسالی بخاتە سەر شانوی چیروکەوە ... کە ئەمەش مەیدان بە خو تەنگ کردنە بو نووسەر وە دوور کەوتنەوەیە لە هەموو روویەکی ژیان ، دشتی و وردی .

## چیروکەکان

بریا نەهاتیتایەوە - ل ٢٢

لەوەختیکا نووسەر لە چیروکی [ فرمیسکی پەشیمانی ] دا [ منالی ژمارە هەشت ] و [ چەندم لی ئەستینی ] ...

ئاشکرا سەرکەوتووە و هونەرمەندی‌یەکی تەواوی نواندووە، داخەکەم لە چیروکی [ بریا نەهاتیتایەوە ] دا جلەوی لە دەس شل بووەتەوە و چیروکەکەی وەکوو کەشتی‌یەکی بی بایەوان و بی خاوەن بەم لاو بەولادا دیت و دەچی . . کە نەماوەی چیروکەکە ، نەرووداوەکانی ، وە نەگیرانەوە و راویژی ئەوە نین « فرمیسکی قەوی قەوی بیننە چاوی » ژنە مەئموریکی بیگانەی دوور لە جەرگەی کارەساتی چیروکەکە . . بە تایبەتی کە هەموو کارەساتەکە بریتی بی لەوە کە [ سوارە ] ناویك حەز لە [ زیرین ] ئەکات و ، نایدەنی . . ئەچی ئەبی بە سەربازی لیفی لە حبانیە و پارە دینیتەوە بو خواستنی . . بەلام چارەنووس وا ئەبی ، لە کاتی نان خواردنیا لە ناو پاوانیکا ئاگر دەوری هەل ئەچنی و ئەسووتی . . پاوان کە دارستانیکی چری ئیستیوایی نەبیت ؟ نازانم چون سە زەلامی بەکارە ئەکا بە خەلووز ؟ وە یا خو چون دەستی [ ریکەوت ] ئەم روژە زیرن و سوارە و بایزی هاوری‌ی پیکەوە کوکردەوە تا مەرگەساتی دولبەر و دلدار بە شیوەیەکی رومانتیکی سەیر بیتە ئەنجام ؟

لە راستی‌یا [ زیرن ] دیارە کچیکی ژیرو دوور بینە ، بویە ری‌ی [ بە دوو کەوتن ] لەگەل سوارەدا ناگری ، بەلام سوارە وا دیارە چ دەربەست بە دواروژی ژیان و بەری ئەم دلداری‌یە نی‌یە ، مروفیکی بی پشووە وەکو بلی‌ی لە یەکەم هەلەوە دواروژی خوی تەرخان کردووە و ئامانجی ئەوەیەکە بمریت و بکوژریت لە پیناوی ئەم دلداری‌یەدا ؟ هەر بویەشە نووسەر دوچاری مردنیکی [ سەیر ]ی کردووە ! ئەگینا ئەم قسە رومانتیکی‌یە بی‌جی‌یە چی‌یە ؟ « ئەمن وا هاتبووم کە هەر ئیستا کە هەلت‌گرم و بروین ئەگەر بشم کوژن بەس نی‌یە سەرم دەخەیتە سەر رانت تا گیانم دەر دەچی - ل ٢٤ » بەلام داخەکەم بە ئاوات نەگەیشت بەلکو بە پیچەوانە زیرن سەری بە « سەر رانە سووتاوەکانی سوارە ئەکا تا گیانی دەرئەچی - ل ٢٨ » . باجی هەمین کە دایکی سوارەیە ، لەو وەختە کە سوارە لە [ حبانیە ] رائەکات و لە ترسی پولیس لە چیادا قاچاخ ئەبیت ، نازانم بو ئەبی « بتریقیتەوە و

بداته قاقای پیکەنین و خوشی‌ی لە دلدا بی ـ ل ٢٢ » لە کاتیکدا ئەو کورەی چیروکەکەمان بو ئەگیریتەوە ، میرد منالیکی دوور لە جەرگەی قەوماوەکەیە ئەبی بلی : « ئەم قاچاخی‌یەم بە دل نەبوو ، بەلام هەناسەیەکی شادمانیم دا کە هەرچونی بی بە کولە مەرگیش بی خو ئەم دوو دلخوازە بە ئاوات ئەگەن ـ ل ٢٧ » لام وابی ئەگەر ئەم قسانەی کورەکە هین باجی هەمین بوایە سەدجار باشتر ئەبوو .

خو [ بابیز ]ی هاوری‌ی کەس چی لی نازانی ؟ بو چی لە گەل سوارە دا ئاوایی بەجی ئەهیلی ؟ کی‌یە . چ کەسە ؟ دژواری ئەم چی‌بە ؟ .

ئەمانەو گەلی شتی‌تر ، ئەتوانم بلیم ، لەسەرەوە تا دوایی داوی چیروکەکە خاوو ئالوزاوە و ناچیتە ریزی چیروکەکانی ترەوە .

چەندم لی ئەستینی ـ ل ٣٥

ئەم چیروکە ئەوەیە کە پاداشی دووەمی گوفاری شەفەقی پی‌درابوو ، لە راستی‌یا شایانی خەلاتەکەیە ، تا بلی‌ی چیروکیکی بە تام و ماناو بەکاکلە ... هونەر ـ وەری‌یەکی زوری تیا بەخت کراوە . . وە نووسەر لە هەموو چیروکەکانی‌تریا زیاتر لە جوری نووسینی رەوانی کوردەواری‌دا سەرکەوتووترە . . هەر چەند کاك [ نوری وەشتی ] ئەلی بیرو رووداوی چیروکەکە لە عەرەبی و لە محمد حمدی ناویکەوە وەرگیراوە .. هیشتا ئەگەر واش بی دیسان نرخی کەم ناکاتەوە .. چونکە چیروکەکە لەوە ناچی کە لە بنەرەتیکی بیگانەوە وەرگیرابیت ، بەلکو زور ئاشکرایە کە لە نوژەنەوە لە جەرگەی کومەلایەتی‌ی کوردەوە هاتووەتە دەر و دارشتراوە .. ئەم جورە لیك چوونانەش لە ئەدەبی زور لەگەلانی ترا شتیکی بلاوە . . وە لام وابی ( حمدی ) ناویك کە نووسەریکی عەرەبی نەناسراو و بی ناوە هەرگیز ئەم کارە ناگیری کە چیروك نووسیکی کوردی وەك کاك مصطفی بیتە ریزی‌یەوە و لی‌ی وەربگری .

ئینجا نووسەران و خوێندەوارانی کورد هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبوون لە کاك وەشتی کە لە باتیی [ هونەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە ] بۆ ئەم باسە خۆی [ پەست ] بکات و بکەوێتە سەر ئەم هوروژمە بە تەوژمانە !. بۆ درێژە پێدانی ئەم باسە ، ئارەزوو ئەکەم ئەگەر بلوێ هەلێکیتر دەس کەوێ و لێی بدوێم .

## مامۆستا بەشیر موشیر ئەڵێت :

مامۆستا بەشیر موشیر ، لە وتاریکیا بە عینوانی [ زیرو زیو ] کە بۆ ئەم گۆڤارەی نووسیوە سەبارەت بە داوای تواندنەوەی کورد ، لە لایەن هەندێ لە کۆنە پەرستانەوە ، نووسیویە :

« . . . وتم سرنجێکی مێژوو بدە ، بزانە کوردی دلێر چەند شۆرشی بەرپا کردووە بە ناوی کوردەوە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوە و نیشتمانەکەی ؟ بزانە چەند کوشتاری لێ کراوە ؟ چەنگیزخان و هولاکوو تەیمووری لەنگ نەیان توانی کورد بەزێنن . . ئەگەر باوەڕیش ناکەیت بڕوانە مێژووی ( ابن خلدون ) و بزانە چی ئەڵێت ! » .

هەروەها نووسیویە :

« مێژوو دەری ئەخات کە ئێمەی کوردی دلێر نەتەوەیەکین لەو نەتەوانەی خۆیان بە خاوەنی مێژوو ، وە ڕابوردوویەکی خاوێن و پڕ لە شانازی ئەزانن . . . »

# لومومبا ...

سلیمانی : جلال

دوو چاوی کورد ،
وەك دوو چاوی ئەم گەلانە
تەماشای کرد . .
رووی کردە ئەو نیشمانە
تیایا دلی پالەوانی
وەك ئەستیرە
جوان ، جوان کشا بو ئاسمانی
کە هەر کونغو . .
خوی بە خاوەنی ئەزانی

☼ ☼ ☼

کونغوی رەشی لاشە ئەنجن
نیچیری سەرخوانی دوژمن !
گەرچی خاکی کوردستانم ،
دوورە لیت ، بلام ئاسمانم
شەوی جاریك ،
لەگەل هەلهاتنی « کو » دا
ئەستیرەیەك ، بریسکەدار
نیشانی دوو چاوم ئەدا
پشکوی سووری تیا ئەبینم
هەلهاتنی خوری کونغو
لە « سوور » بوونیا رائەبینم

☼ ☼ ☼

دوو چاوی کورد ،
وەك دوو چاوی ئەم گەلانە
زور بە تینە
لەوەی کردی ئەم تاوانە
ئەو تاوانەی بو بە موری
بیعاریو پەنگ بو خوین خوری
گەلی کونغو و هاوریکانی
کە ئامانجیان لە نەمانی
داگیرکردن و رەنج دزین
سەربەستییە و ئاشتییە و ژین

## دەنگ و باسی خوێندەواریی کورد

# لە یەکێتیی سوفیەت دا

لینینگراد

● لە بلاوکراوەکانی ئاموزگای نەتەوەکانی ئاسیای ئەکادیمیەی زانستی سوفیەت ( موسکو ـ لینینگراد ) فەرهەنگی کوردی ـ رووسیی ماموستا کوردوییف بلاوکرایەوە ، ئەوەی شایانی باس بی ، کوردییەکەی بەشیوەی کرمانجییە ، وە بە تیپی لاتینی .

● فەرهەنگی کوردی ـ رووسی ، شیوەی سورانی ، لە بەرنامەی کاری بەشی کوردیی ئاموزگای نەتەوەکانی ئاسیای لینینگرادە ، دەست کراوە بە نووسینەوەی ، هیوا وایە بەم زووانە ئامادە بی بو چاپ .

● لە پروگرامی بلاوکراوەکانی ئەکادیمیە بو سالی ( ١٩٦١ ) دوو کتیبی کوردی چاپ ئەکرین ، کە هەردووکیان لە لایەن ( م . رودینکو ) وە ئامادە کراون ، یەکەمیان « مەم و زین » لەگەل تەرجەمەی رووسی ، دووەمیان دەسنووسە کوردییەکان لە نامەخانەکانی لینینگراد .

● لە مانگی شوباتی رابردوودا ئەنجومەنی بەشی کوردیی ئەکادیمیە کوبووەوە بو گفتوگو لە بابەت ئەو بەشانەی کە ئامادەکراون لە نامەکانی دکتورای قوتابییان « زاری یووسف » ، « مەکسیمی خەمو » و « جەلیلی جەلیل » . یەکەمیان لە بابەت زمانی کوردی ـ شیوەی سورانی ئەنووسی ، دووەمیان لە بابەت زمانی کوردی ـ شیوەی بادینان ئەنووسی ، سییەمیان لە بابەت میژووی بزووتنەوەی کورد بو ئازادی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا ئەنووسی .

دیار بوو هەموویان خۆیان ماندوو کردبوو ، وە سوپاس کران لە لایەن ئەنجومەنەوە ..
هەندی لە ئەندامانی بەشەکانی تری ئەکادیمیەش لە کۆبوونەوەکە دا بوون .

● ڕۆژی ۲۹ ی مارتی ۱۹٦۱ بەشی کوردی کۆبووەوە بۆ گفتوگۆ لە پرۆگرامی نامەی دکتورای دوو کوردەکەی عیراق یەکەمیان معروف خزنەدار نامەکەی « لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا » یە ، دووەمیان کاوس قەفتان نامەکەی « بزووتنەوەی بارزان » ە ، هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیە دا تەماشای ئەو بەشانەکرا کە « ژاکا موسەیلیان » تەواوی کردووە لە بابەت « سەر چاوەی خوێندەواریی کوردی بە زمانەکانی ڕووسی ، ئینگلیزی ، ئەڵەمانی ، فرەنسی » .

● بەم زوانە گفتوگۆی دوایی نامەی ئۆردووخانی جەلیل ئەکری لە بابەت « قەڵای دم دم » ەوە .

● لە پاش کۆچی دوایی ئەکادیمی ی . أ . ئۆربیلی ، بگیری ئاموزگای نەتەوەکانی ئاسیا ، وە یەکەم سەرۆکی بەشی کوردی ، ئەکادیمی کونونوف لە جێگای ئەو دانرا ، کە لەوە پێش یارمەتیدەری بوو .

● لە پاش کۆچی دوایی ئەکادیمی ی . أ . ئۆربیلی چەند پێش نیاریک خرایە پێش چاو کە ناوی بەشی‌کوردیی ئەکادیمیە ، بە ناوی ئۆربیلی بنری ، واتە ناوی ببێتە « بەشی‌کوردی بە ناوی ئۆربیلی » چونکە یەکەمین سەرۆکی ئەم بەشە بووە ، وە هەوڵ و تەقەلای زۆری داوە بۆ پێش خستنی خوێندەواریی کوردی لە ئەرمەنستان و ڕووسیەی سوفیەت دا . ئەمە کاریکی بەجێیە ، وا چاوەڕوان ئەکری کە ئەنجومەنی ئەکادیمیە ئەو پێش نیارە بهێنیتە دی .

● ڕۆژی ۱۸ ی مارتی ۱۹٦۱ بەیانی هەموو پاشماوە خوێندەواریەکانی ئەکادیمی ئۆربیلی هێنرایە بەشی کوردی ، کورسی و مێزو کتێب و ڕۆژنامە و هەموو

ئەو شتانەی کە لە ژووری خوی دا بەکاری ئەهینـان ، ئەمانە بو یـادگار لە بەشی کوردی ئەمیننەوە . ئەم کارە بـوو بە هوی سرنج راکیشانی هەموو بەشەکانی‌تر ، هەروەها بوو بە ماوەی سەربلندی بو ئیمە .

● لە سەرەتـای ئەم مانگە دا ، دوو قوتابی‌ی کوردی‌تر لە ئەرمەنستانی سوفیەتی‌یەوە بەرەو لینینگرادهاتن ، ئەمانەلەبەشی‌کوردی‌ئەبن بە قوتابی‌ی دکتورا .

## ئەرمەنستانی سوفیەت

● لەم روژانەدا کتیبی « دەستووری زمـانی کـوردی » ی مـاموستا کوردوییف ، بە شیوەی کرمـانجی و تیپی رووسی بو پولی ٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ کەوتە بازارەوە . گەلی دانەی بە دیاری نیررا بو گوفارو روژنامە و زاناکانی کوردستان .

● کتیبی « هوشیـار بوون » ، کە کومەلە شیعر و چیروکیکە لە زمـانی ئەزربیجانی‌یەوە « کوری کورد » گوریویەتی‌یە سەر کوردی بلاوکرایەوە .

● بەم زوانە کتیبی « ئەدەبی‌کورد » بو قوتابخانە پولی ٥ ، ٦ ، لە نووسینی جاسمی جەلیل ، وە « پروگرامی دەرزەکانی قوتابخانەکانی کوردی ئەرمەنستان » لە نووسینی ئەمینی عەبدال ، وە دیـوانی جەردوی ئەسەد و جاسمی جەلیل و میکایلی رەشید بلاو ئەکریتەوە .

● لیستەی نـاوی ئەو کتیبە کوردی‌یـانەی کە لە یەکیتی‌ی سوفیەت دا چاپ کراون تا ئیستا ، لە لایەن « نەرسیس ئەلیکسانیان » ەوە ئامادە کراوە بو چاپ .

● کەشکولیکی ئەدەبی بە زمانی ئەرمەنی و رووسی لە ئەکادیمیەی زانستی ئەرمەنستانی سوفیەت بلاوکراوەتەوە ، لەو کەشکولەدا وتاریکی ئەمینی عەبدال بە زمانی رووسی لە ژیر ناوی « خوێندەواری‌ی نەتەوەی کورد لە ئەرمەنستان دا » بلاوکراوەتەوە .

بە دریژایی روژگار نەتەوەی کورد یادی نەوروزی کردوەو ئەیکا ، خوا ئەم یادکردنە بە ئاشکرا بووبی یـان بە نهینی ، زورداریش هەموو کاتیك ویستوویەتی ئەو پیوەندە بە هیزەی نەتەوەی کوردی بەستووە بە یـادی نەوروزی پیروزەوە بپچرینی ، بەلام هەول و تەقەلای بی سوود بـووە ، گەلی کورد بە نهینیش بووبی ئەم بیرەوەری‌یەی لە یـاد نەچووەتەوە ، چونکە ئەگەر هاتوو نەتەوەیەك بو ژیـان بە تەنگەوە بی ، لە هیچ کاتیکا خوی لە بیر نـاکاو سەر نانەوینیتەوە لە خەباتـا بـو پاراستن و سەندنی مافە نەتەوەیی‌یەکانی .

نەوروز پیوەندی بە لاپەرەیەکی خویناوی‌ی خەباتی گەلی کوردەوە هەیە لە پیناوی ژیان دا ، رولەیەکی زەحمەتکیشی وەکو کاوە سەرکردەیی هینانە دی‌ی ئامانجی گەلی کوردی کردووە لەو کاتە دا ، وە بلندکردنی چەکوشەکەی بـووە بە دەستووریکی هەمیشەیی نەتەوەی کورد بو خەبات کردن و خو بەخت کردن دژی زوردارو پیـاو خراپ ، هەروەها ئەم نەوروزە بووە بە تەجروبەیەکی مەزن بو گەلی کورد ، بو دەست لە ناو دەستی یەکتر نان ، وە بو هەموو لایەکی ئاشکرا کردووە کە گەلی کورد بە هیچ جوریك واز لە عادات و نەریتە میللی‌یەکانی نـاو کومەلەکەی خوی ناهینی ، ئا ئەوەتە جەژنی نەوروز سالەهای سالە ئەم کوردە بیرەوەری‌ی ئەکاو ئـاهەنگی بو ئەگیری لە هەموو نـاوچەکانی کوردستان دا ، وە نەوروز و کورد و مـافەکانی لە سەر لیوی هیچ کورد پەروەریکی راستە قینە نەکەوتووە و ناکەوی .

میللەتانی جیهان هەر یەکە جەژنی تایبەتی‌ی میللی‌ی خویان هەیە . کوردیش کە یەکیکە لەم میللەتانەی جیهان جەژنی نەوروزی هەیە ، ئەم جەژنی نەوروزەیش هەر وەکو گوتمان کونە وەکو میژووەکەی . لە سەر دەمی لە نـاو چوودا بە نهینی بیرەوەری‌ی ئەم نەوروزە ئەکرایەوە ، پاش شورشی چواردەی تەمووز کە میللەت

هەستی بە ئازادیو توانای دەربرینی بیرو باوەری خوی کرد بە شیوەیەکی فراوانتر ئاهەنگی نەوروز لە هەموو سووچیکی کوردستان دا کرا ، هەر ئەم ئازادییەش بوو وای لە میری کرد کە ئەم روژە بکا بە روژیکی رەسمی بو داخستنی دائیرەکان بو ئەوەی میللەت لەم روژەدا بەگیرانی ئاهەنگو چوونە دەرەوە خەریك بیت ، بەلام داخی گرانمان ئەم روژە پـیروزە لەلایەن میرییەوە هەقی خوی نەدرایە وە نـاوی نەنرا جەژنی نەوروز ، بەلکو نـاوی نرا جەژنی دارو درەخت ، لە لایەنی ئیمەوە جەژنی دارو درەخت بە هیچ جوریك ناوی جەژنی نەوروز ناگریتەوە .

لەوەش ناخوش‌تر : ئەمسال لەگەلی لای کوردستانا گەل لە خویەوە نەوروزی کرد بی ئەوەی کاربەدەستان رازی بن . . واتە وەك جاران کوسپ هینرایەوە ریگای ئاهەنگ گیرانی نەتەوەکەمان بە بونەی جەژنە میللییەکەیەوە .

ئیتر با هەر بلەریتەوە ئالای نەوروز و سەربەستی و ژیان ، بـا بەر خوردار بیت یادی نەوروزی پیروزی کورد لە سەر لووتکەی شاخە رەنگینەکانی کوردستان و لە دلی هەموو کوردیکی تیکوشەری ریگای ئازادی و ژیان دا .

● ★ ●

## سوپـاس

یـانەی سەرکەوتنی کوردان و گوفـاری هیـــوا ، پر بە دل سوپـاسی ئەو برایانە ئەکەن کە بە بونەی جەژنی رەمەزان و جەژنی نەوروزەوە جەژنە پیروزیان نـاردووە . هیوامان وایە هەموو کاتیکیان روژ و هەموو روژیکیان جەژن بی :

## ؟ ؟ ؟

هیــــوا ، گوفاری یانەی سەرکەوتنی کوردانە لە بەغدا کە یەکیکە لەو یـانانەی میری ریگای داون ، وە لە لیستەی وەزارەتی نـاوخودا نـاوی نووسراوە ، بو بەلگە هەر لەم روژانە دا وەزارەتی پارەداری ٤٠٠ دیناری دابە یانە بو بەریوە بردنی کاروباری . .

هیــــوای گوفاری یانە بە پیی رەزامەندیی میری ، وە لە سنووری یاسای چاپەمەنیدا دەرچووە و دەر ئەچی ، وە وەنەبی گوفاریکی نەناسراو بیت ، لە تەمووزی سالی ١٩٥٧ ەوە هەیە ، وە لەوکاتەوە خزمەتی ئەدەب و زمان و میژووی گەلی کورد ئەکات . .

ئەم راستیـیانە بویە ئەخەینە بەرچـاو چونکە ئەمە نزیکەی سالیکە [ هیــــوا ] لە کەرکووك کراوە بە هوی تاوانبارکردنی هاوولاتان ، وە تا ئیستا مالی چەند هاوولاتیان لە کەرکووك پشکنیەوە وە [ هیــــوا ] یان تیـا گرتووە و خاوەنەکەیان خستووەتە ژوورەوە . لەم روژانەشا یەکیك لە قوتابخانەکانی کەرکووکیان پشکنی و [ هیــــوا ] یان تیـا گرت . .

هەروەهـا بە نامەیەکـی تایبەتی بە قوتابخانەکانا راگەیەنراوە کە [ هیــــوا ]و چەند گوفاریکیتر یاساخە رییان بکەویتە قوتابخانە .

ئیمە کە ئەمە ئەخەینە بەرچاو ، ئەپرسین بوچی ، وە چون ، وە لەبەر چی . . بلیی [ بانیك بی و دوو هەوا ] ؟ !

# پارتی‌ی دیموکراتی کوردستان

## له ئاهه‌نگی نه‌وروزدا

پارتی‌ی دیموکراتی کوردستان هه‌موو سالیك له یادی نه‌وروزا ئاهه‌نگی گیراوه ، چ به نهینی‌و چ به ئاشکرا ، ئه‌مسالیش ـ وه‌ك سالانی تری پاش شورش ـ خوی ئاماده‌کرد بو گیرانی ئاهه‌نگیکی وا به جوش که شایانی یادی ئه‌م شورشه پیروزه میژوویی‌یه‌مان بیت و بگونجی له گه‌ل هه‌ست و هیوای نه‌ته‌وه‌ی کورد له‌م کاته دا .



له ئاهه‌نگه‌که‌دا . .

فوآد عارف و مهداوی و وصفی و ماجد و شالی . .

به‌راستی به دلنیایی‌یه‌وه ئه‌توانین بلیین « سه‌رپه‌رشتی که‌رانی ئاهه‌نگه‌که تا راده‌یه‌کي زور توانی‌یان به سه‌ر ئه‌و هه‌موو ته‌نگ و چه‌له‌مه‌یه‌دا زال بین که له ری‌ي ئاهه‌نگ گیرانا هه‌بوو ، وه ئاهه‌نگیکی جوانی قه‌شه‌نگی ریك و پیك ، پیك

بینن ، هەر چەندە ـ وەك بو میوانەکانیان روون کردەوە ـ فەرمانداری سوپایی تەنیا پیش دوو روژ ئاگاداری کردن کە رازی‌یە ئاهەنگەکەیان بگیرن » .

ئەوە بوو ئیوارەی ۳/۲۱ هولی [ خلد ] پر بوو بوو لە میوان ، لە ژن و لە پیاو ، لە کورد و عەرەب ، لە کاربەدەستان و هاو ولاتان ، بالیوزەکانی بیگانە و سەروك و ئەندامانی دادگای گەلیش هاتبوون . . مهداوی‌و ماجد محمد امین‌و فوآد عارف و فتاح سعید شالی و گەلیکی‌تر لە پیشەوە جیگای خویانیان گرتبوو . ،

لە سەرەتای ئاهەنگەکـەدا مارشی سەلامی جومهووری لی‌درا ، ئەنجا عەریفی ئاهەنگ کاك حبیب محمد کریم بەخیرهاتنیکی گەرم و کورتی‌کرد لە میوانەکان وە بەرنامەی ئاهەنگەکە پیشکەش‌کرا . کە تیکوشەر ، ماموستا جەلال تالەبانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌ی پارتی هاتە پیشەوە ، دانیشتووان هەمـــوو دەسیان کرد بە چەپلە لی دان ، مـام جەلال بە نـاوی پـارتی‌یە دیموکراتی‌یە شورشگیرەکەیەوە ، وتاریکی گرنگی دا ، کە زور جـار بە چەپلە پی‌یان بری ، بنچینەی وتارەکەی بریتی بـوو لە « پیویستی‌ی یەکیەتی‌ی نیشتمانی‌و ، دروو دەلەسەی جیابوونەوەی نەتەوەی کورد و ، دروشمی کونە پەرستـانەی تواندنەوەی کـورد و ، داوا کردنەوەی خواستەکانی گەل ( دەستووری هەمیشەیی ، پەرە پی‌دانی دیموکراتیەت ، هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ، بەردانی بەندی‌یە سیاسی‌یەکان ) و ، دەوری بوگەنی دەرەبەگەکان لە تیك دانی بەینی نەتەوەی کورد و حوکوومەت دا » . .

چەند جار لە وتارەکەدا باسی « پیکهینانی بەرەی یەك گرتووی نیشتمانی » کرا ، وە ئەوە گەرمترین چەپلەی بو لی ئەدرا .

مـام جەلال لە دوایی وتارەکەی دا سوپـاسی میوانەکانی کرد کە ئەرکی هاتنیان کیشاوە .

پاش لی بوونەوەی مـام جەلال گورانی بیژەکانی کورد ماموستایان طـاهر توفیق ، علی مەردان ، جەزراوی ، گەردی هەر یەکە چەپکە گولیکی گورانی یـان پیشکەش‌کرد . کاك عومەر رەزاش گورانی‌یەکی وت .

لە نیوانی گورانی یەکاندا لاوانی کوردستان چەند جار شایی فەیلی و سورانی و کرمانجی یان کرد . هونەرمەندی بچکولە « بەختیار » یش بە هونەرە جوانەکانی خوی ئاهەنگەکەی خوشتر کردبوو .

منالانی کوردستان چیروکیکی شانویی یان بە یەك پەردە پیشکەش کرد ، چیروکەکە ناوی ( شوان ) بوو ، وە بەراستی دیمەنیکی نایابی پیشان دا ، منالەکان تا رادەیەکی باش لە هونەرەکەیانا سەرکەوتوو بوون .



لاوانی کوردستان هەل ئەپەرن

ئەوەی نابی لە یاد بچی دەوری خوشکە ( ئایشی ) بوو . بەراستی مایەی شانازی یە ئافرەتیك بەم چەشنە بیتە سەر شانو ، وە وەك بولبول بچریکینی و ( شیرین بەهارە ) ی ماموستای نەبەز ابراهیم احمد بە گورانی بلی . هولەکە هەموو دەنگی ئەدایەوە لە بەر چەپلە لی دان بو خوشکە ئایشی . ئەوەش کە هەموو مانی هینایە پیکەنین ئەو لاوە بوو کە بە چوار دەنگی گوی گوی قسەی ئەکرد و ئەت گوت چوار کەسە .

بەم چەشنە ئاهەنگەکە برایە سەر ، تا بە مارشی نەمری « ئەی رەقیب . . » دوایی پی هینرا .

# هەلبژاردنی دەستەی بەریوەبەری تـازەی

## یـانەی سەرکەوتنی کوردان

لە سەر رەزامەندیی سیادەتی فەرمانداریگشتیی سوپایی ، روژی ١٣/١/١٩٦١ دیاری کرابوو بو هەلبژاردنی دەستەی بەریوەبەری نویی یـانە . بەلام بە هوی نەهاتنی زوربەی ئەندامانەوە هەلبژاردنەکە دواخرا بو روژی ١٩٦١/٢/١٠ لەو روژەدا بە شیوەیەکی هیمن و دیموکراتی دەس کرا بە هەلبژاردن ، وە ئەندامان دەنگیان دا بە لیستەی ( دیموکراتیی یەك گرتوو ) کە تـاقە لیستەیەك بوو خوی هەل پالاوتبوو . ئەو لیستەیەش لەم ذاتانەی خوارەوە پیك هاتووە :

١ ـ ماموستا مکرم تـالەبانی
٢ ـ خوشکە نـاهیدە سەلام
٣ ـ ماموستا فـایق هوشیـار
٤ ـ ماموستا علاءالدین سجادی
٥ ـ دوکتور محمد محمد صالح
٦ ـ دوکتور صدیق ئەترووشی
٧ ـ دوکتور هاشم دوغرەمەچی
٨ ـ کاك عبد علی محمد علی
٩ ـ کاك عبدالستار کاظم

ئەم دوو برایەش بوون بە ئەندامی جیگر ( احتیاط ) :

١ ـ کاك حمید حسین فەیلی
٢ ـ کاك اسعد خیلانی

دەستەی بەریوەبەری نویی یانە لە روژی ١٩٦١/٢/١٧دا کوبووەوە ، وە نیش و کاری بەم جورە لە بەینی ئەندامەکانیا دابەش کرد :

١ ـ دوکتورصدیق ئەترووشی : باوەر پی کراو
٢ ـ خوشکە نـاهیدە سەلام : جی نشینی باوەر پی کراو
٣ ـ کاك عبدالستار کاظم : سکرتیری یـانە
٤ ـ کاك عبـد علی محمد علی : خەزنەداری یانە

# باوەر پی کراوانی هیوا

لە : ـ

بەغـــداد : مـاموستا بەشیر موشیر ـ حەیدەرخانە

سولەیمـانی : رؤوف معروف ـ نامەخانەی گەلاویژ

محمد عـارف معروف ـ نامەخانەی زیوەر

محمد رسول ـ نـامەخانەی ئـازادی

کەرکووك : عمر بیکەس ـ نامەخانەی کوردستان ، شەقامی سیروان

هەولـــیر : قادر احمد خوشناو ـ نامەخانەی شورش

کویە : نامەخانەی کوردستان

هەلەبجە : سید حسین سید امـــین

قەلادزە : نـورالدین مەلا صابر

رەواندز : علی عبداللە ـ نامەخانەی رەواندز

خـانەقین : حبیب نەوروز ـ نامەخانەی سیروان




# جگەرەی توركی

## چاكترين جگەرەی خومالی‌يە

وە لە ریزی باشترین جگەرەی جیهاندایە

ملیونەها جگەرە خور لە ( تورکی ) بەولاوە جگەرەی تر ناکیشن

لە چاپخانەی ( النجوم ) لە بەغدا لە چاپ دراوە